# بنکەی دابەش کردنی مووچەوچاودێری خێزان لەرانیە لەبەسەرکردنەوەیەکدا

**ئا : رووباریوسف**

تەلەفۆنم لەگەل بەیانی هاورێم کرد کەبەیانی بەنیازم سەردانی بکەم "بەیان گوتی" رووبارئەگەرهاتی لەدائیرەی خۆتان بتلێك ئاومان بۆبێنە!منیش وامزانی بەگاڵتەیەتی، کاتێك چوم بۆدائیرەکەیان، بینیم بینایەکی گەورەوخۆش وامزانی ﴿کامل موواسەفاتە﴾ هەرکەچومە ژورەوە دیتم بەوگەرمیە بەو تەموزە هەرکارمەندەو پارچەیەك کاغەزەی لەدەستدایەوخۆی فێنك دەکاتەوە، منیش وامزانی کارەباکەیان فیوزی کردوە.کەچومەژورەوەو پرسیم بۆکارەبانیە؟ گوتیان ئاومان هەیە تاکارەباهەبێ؟ منیش بەپەلە قەلەمووکاغەزم گرتەدەستو کەوتمە نوسینی پرسیارووەلام.بەلام تائەورێپۆرتاژەم تەواوکرد بەیان بەپارچەکاغەز هەرباوەشێنی کردووم ".

★عایشە بابکر"زۆربەبێتاقەتی گوتی"ئەوە٦جارەبەوگەرماوبێ ئاوی ئەودائیرەیەوە هاتووم. توانام نەما ئەو پارەیە ئەوەندە زۆرنیە ئەوەندەهیلاکمان دەکەن!توخوابۆ؟خێرتان دەگاچیدی ئەزیەتمان مەدەن لەپێناوی ٣٠هەزار"

★زلیخا"خێرا لێم هاتەپێشێ وایزانی کاربەدستێکی زۆرگەورەم "کولی دڵی خۆی بۆهەڵرشتم کەواوەزعی مادديان زۆرخەراپەو٤منداڵی هەتیوی بەسەرەوەیە.کەس نیەبژێوی ژیانیان بۆدابین بکات"ناوبراو ئاماژەشی بەوەکرد،کەوابەنان کردن بژێوی ژیانی منداڵەکانی دابین دەکات،بۆیە رونیشی کردەوە،کەوا من ئەوەچەندجارەبێم بەلام ئیش وەك پێویست ناروا نازانم بۆ؟.

★فاتمەحسێن"کەپیرێژنێکی تەمەن ٨٦ سالانەیە بەکزوماتیەوە گوتی"رۆڵەگیان دەوەرەو کێشەکەمان بۆحەلکە؟منیش گوتم"پورێ من کارمەندی ئێرەنیم"بەلام پەیامەکەتان بەرزدەکەمەوە بۆبەرچاوی کاربەدەستان"گوتی"من بەوتەمەنەوە کوا دەتوانم بچمە سلێمانی هەرپێش نازانم خۆکەسیشم نیە بۆم بەرێ، تائێستا سائیق تەکسیەك بۆخەلکەکەی دەبرد بە١٠هەزار. بەلام ئێستا مدیرنایەڵێ.نازانم بۆدەبێ رێگای بژێوی ژیانمان لێ بگرن!.

★هەمین، کەپیرێژنێکی زۆروریابوو گوتی"من ئەوەچەند جارە بێم بەلاّم ئەم هەموو ئیشە بەتەنها کارمەندێ بەرێوەناچێ، نازانم حکومەت چاوی نابینێ؟دائیرەی واهەیە کەدەچی ئەوەندە کارمەندیان زۆرە لەبێ ئیشی یاپراغ دەخۆن!کەچی ئەم بەسەزمانە ناتوانێ پەرداخێ ئاوبخوا! هیوادارم حکومەت چاو بەو ئیشانەدابخشێنێتەوە!!!.

★بەیان عبدللە.لێپرسراوی دۆسیەکان"مەبەستی خۆی نەشاردەوە"کەوا ئیشەکانیان وەك پێویست ناروا چونکە بەتەنیا لەم بەشەم. ئەگەرکارمەندێك هاوکاریم نەکا ئەوا بەتەنیا ناتوانم،چونکەبەتەنها کارمەندێ٢٢٠٠هاولاتی بەرێ دەکرێ؟؟خۆتان وەلام دەربن، تکایە کاربەدەستان کارمەندمان بۆدامەزرێنن! سەبارەت بەکێشە"رونی کردەوە: کەواپێم خۆشە تەنها ژورێکمان هەبێ بەس ئاوکارەبای هەبێ سوتاین لەوبینایە بەبێ کارەبا، تێنەگەیشتنی ئەوپیرێژنانەش لەوێ بوەستێ .وانیە کەسێکی خوێندەوارلەگەل خۆیان بێنن تاشوێن ورێیان بۆدانێن تائەوان تێدەگەیەنم خۆم لەبیرم دەچێتەوە..

★حسێن محمد، لێپرسراوەی دابەش کردنی موچە"دابەش کردنی موچە.بەجارە جاری واهەیە ٤مانگ جارێ دێ جاری واهەیە٦مانگ یان٣مانگ جاردێ.هۆکەشی ئەوەیە



کەئیشوکارەکانی خەلك تەواونەبووە.زیادبونی موچە شمولی ئەوانی نەکردوە.بەراشکاوی گوتی"دائیرەکەمان زۆربێ سەرەوبەرەیە. من خۆم بەتەنهام لەم بەشە".

*هاوکارجەلال"لێپرسراوی بەشی کۆمپیوتەر.بەم شێوەیە دوا"تائێستا ئەلفوبێم بەوکۆمپیوتەرە نەنوسیوە.کارەبانیە تائیشی پێ بکەم، کارمەندمان کەمەجەماعاتی کۆگای توتن هاتوون بۆهاوکاریمان. منیش لەبەشی کۆمپیوتەر بەتەنهامو یەك دووئیشیکەشم هەیە.

*خانم عەباس‌و شنۆمستەفا"هەردووکیان کارمەندی کۆگای توتنن لەرانیە بەم شێوەیەدوان" ئێمەهاتوین هاوکاریان بکەین بەراستی زۆرهیلاك دەبین ،بەکاتی هاتووین.هیوادارین حکومەت کارمەندیان بۆدامەزرێنن بۆئەوەی ئێمەش رزگارمان بێ.!

*(محمد کریم عبد للە )لێپرسراوی بنکەی دابەش کردنی مووچەوچاودێری خێزان لە رانیە گوتی "لەبەرواری٣٠/١٠/٢٠٠٥ ئێمە لەوبینایەین .کۆمپانیای (کار)هەلساوە بەدروستکردنی ئەوبینایە. پێك هاتەی بیناکەبریتیە "بنکەی دابەش کردنی مووچەو چاودێری خێزان "بنکەی کەم ئەندامانی رانیە .کەهەردوکیان سەر بە یەك وەزارتن. بنکەی ئێمە سەربەبەرێوەبەرایەتی گەشەپێدانی کۆمەلایەتی سلێمانیە. بەشەکەمان پێك هاتوە لە"بەشی فایلات "بەشی موچە"بەشی کۆمپیوتەر"وئەم بوارانەش لەخۆ دەگرێ"بێوەژن"پەك کەوتەو بەسالاچوو"تەلاق"مندالی بێ دایك وباوك "مندالانی بێ دایك کەشوی کردبێتەوەو یانباوك ژنی هێنابێ "گەورەکچ"ئەوئافرەتانەی مێردیان ونە"خوێندکاری زانکۆو پەیمانگا کەزەواجیان کردبێ، ئەمەتایبەتە بەبنکەی ئێمە "هەروەها سەبارەت بەکەمو کورپیەکان رونی کردەوە"لەروی فەرمانبەرەوە کەموکوریمان هەیە.چونکە ئەم ئیشە پێویستی بەفەرمانبەری زیاترە. ژمارەی فەرمانبەرمان ٤ فەرمانبەرە، لێپرسراوی فەرمانگەو ٤ کارگوزار، واتا ژمارەمان ٩کەسین، کەژمارەی سودمەندانمان بریتیەلە٢٢٠٠دووهەزارو دووسەد سودمەند. بەهەموقەزای رانیەو هەرچوارناحیەکەشەوە هەروەها ئاماژەشی بەوەکرد"نەبونی کارەباو ئاو کێشەی سەرەکیمانن تائێستا کارەبامان نیە نەمۆلیدە نەرەئیسی، هەروەها نەبونی ئاو. ئەوبینا گەورەیە بیری بۆلێنەدراوە لەبەرئەوەی گەرەکی کێوەرەش کێشەی نەبونی ئاوی هەیە.بەلام لەم رۆژانەدا لەبەرێوەبەرایەتی گشتی هەولێرەوە بەهۆی بەرێوەبەرایەتی سلێمانیەوە پێیان گوتین کەشف بکەین بۆلێدانی بیر،هیوادارین زوو بەفریامان بکەون. تائێستاش هیچ رێخراو لایەنەسیاسیەکان بۆکێشەی ئاوکارەبا سەردانیان نەکردوین. تەنهاجێنیشینی رانیە نەبێ کەمن خۆشم سەردانم کردوە بە نسبت ئاوو کارەباوە هەولی بۆداوین‌و سەردانیشی کردووین بەلام گەرەکەکە خۆی ئەم دووکێشەیەی هەیە کاتی دەوێ تاجێ بەجێ دەکرێ، ئێستا لەبەرێوەبەرایەتی مانەوە مۆلیدەیەکی بچوکمان بۆهاتوە بەلام وەك پێویست نیەو لەبەر ئەوەی مۆلیدەکە بەنزینە بەنیازین ئەمرۆ سبەی کاری پێ بکەین. خۆشت دەزانی کێشەی بەنزین هەیە، لە سەرەتادا دەبوایە بیناکە خۆی بیرو کارەبای تێدابا!"سەبارەت بەو پرسیارەی کەئەو بینایە زۆر گەورەیە بۆئێمە. ئەوبینایە، بۆمەلبەندی چالاکی راهێنانی مندالان دروست کرابوو، بەلام بەهۆی نەبونی شوێن ئێمە هاتینە ئەو شوێنە .بیناکە گەورەیە ئێستا دووبنکەی تێدایە. نزیکەی ٨٥٠٠هاولاتی سەردانی ئەوبینایە دەکەن بۆ هەردوو بنکەکە. بەنیازن بەشی تر بکەنەوە سودی لێ ببینن، ئێستا ناوی بیناکە ناوی کۆمەلگای فەرمانگەکانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتیە لەرانیە، سەبارت بەبەرێوەچونی ئیشوکارەکان گوتی"ئیشەکانمان بەگشتی تایبەتە واتا تەنها ئیشی ئەوانە دەکرێ کەپێشتر سودمەندبون ئێستا ناونوسین نیە. سالێك پێش ئێستا بەرنامەیەك هەبوو لەبەغداوە بەناوی تۆری پاراستنی کۆمەلایەتی کەئێمە بۆ قەزای رانیەو دەورووبەری نزیکەی ١٠٠٠ناومان نوسی. بەلام تائێستا نەچۆتە جێ بەجێ کردنەوە. سەبارەت بەوەلامی کاك حسێن "ئەمە بیرووبۆچۆنی خۆیەتی. کەوادائیرەکەبی سەرەوبەرە دەبینێ. لەروانگەو نیەتی خۆی وادەبینێ، ئەگەرهیچ کێشەو بێ سەرەو بەرەیی هەبایە ئەوا سەرووی خۆمان لێی قبول نەدەکردین چونکە بەردەوام چاودێریمان دەکەن سەردانمان دەکەن، ئاگادارن لەکارەکانمان، باشترین تەنسیقی یاسایی لەنێوان لێپرسراوو فەرمانبەراندا هەیە بەیاسایی کارەکان رایی دەکرێ، دەبێ هاولاتیان‌و رابردوومان حکومی ئەوەبدەن کەچۆن کاری باش لەم سنورەدا کراوە، ئەگەر ئەمە تەنسیقی تێدانەبوایەو بەگیانێکی دلسۆزانە نەبوایە ئەم هەمووکارە نەدەکرا چونکە خەلکی لەشوێنێکدا کە کێشەی هەبێ زەرەر دەکات .بەلام بەپێچەوانە لەلای ئێمە



خەلکی زۆر سودمەند بووە لە پرۆژەو بەرنامەکانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی‌و دلنیام ئەو هەولانە بەردەوام دەبێت، بەلام من پێم وایە فەرمانبەری دلسۆز دەبێت لەبێسەرەوبەری ئاگادارمان بکاتەوە، بۆ ئەوەی بەهەمووومان چاکی بکەین، نەك بۆ هەندێك مەبەستی تایبەت لەپر لە رۆژنامەدا بیوروژێنێ‌و ئێمەی لێ ئاگادار نەبین، یاخود ئەگەر هەر پێی وابێت واباشترە خۆی لێ رزگار بکات،!! بۆ وەلامی هاوتیان کەدەلێن رێی بژێوی ژیانمان لێ دەگرن"چوارهاولاتی دەرەوە کەئەوەی ئێمە بینیبمان فۆرمیان لەخەلك کۆدەکردەوە.لەبەرامبەر ١٠هەزاردینار.٣٠تا٥٠ مامەلەیان کۆدەکەردەوەو دەیان برد بۆسلێمانی، لەروی یاساییەوە ئەوە سەرپێچیە چونکە هەرکەسێ مامەلەی کەسێکی دیکەی پێبێ دەبێ وەکالەی بۆئەوکەسە بکا! دەنگۆی ئەوەیان بۆدروست کردبوم کەگوایە من هاوبەشیانم. بۆیە خۆم لەگەل جەماعاتی سلێمانی رێککەوتین کەئەم کارە نایاساییە بۆیە لەرێگەی جێنشینی رانیەوە ئاگاداری پۆلیسمان کرد کە بەلێننامەیان لێ وەربگرن ئەم کارە نەکەنەوە. من هەولی خۆم داوە بۆ دامەزراندنی کارمەند بەلام جارێ دامەزراندن نیە. لەکۆتایدا سوپاسی بەرێوەبەرایەتی ئاگرکوژێنەوەو بەرێوەبەرایەتی نەخۆشخانەی رانیەدەکەم کەئاومان بۆ دابین دەکەن، هەروەها بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوتن لەرانیە بەوە هاوکاریان کردوین بە دابینکردنی پۆلیس ،وە داواکارم کە کەموکوریەکانمان بۆچارەسەر بکرێ‌و بنکەکەمان فراوان بکرێ.

# فەلسەفە

**کاوە جەلال لە ئەڵمانییەوە بۆ کوردی**

**بەشی چوارەم**

### فەلسەفەی سەدەی نۆزدەیەم

مۆرکی بەشێکی فەلسەفە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا خۆی لەو تەقەلایەدا دەبینییەوە، کە دەدرا بۆ ئەوەی زانینە گۆڕانپێدراوەکانی کانت "تەواو بکات"، "چاك بکات" یان تەنانەت بۆڕ بداتەوە. ئیدیالیزمی ئەڵمانی (فیشتە، شێلینگ، هێگل) هەوڵی دا "مـن"، "ڕەهایەتی" (Das Absolute) یان "هۆش" لەنێو سیستەمە گشتگیرە مەزنەییە مێتافیزیکییەکاندا وەك بناغەکانی جیهان دیاری بکات. بەڵام هەندێك جەرەیانی دیکە، کە مۆرکێکی ئەزموونگەراییان هەبوو، ئاڕاستەیەکی جیاوازیان گرتە بەر، لەوانە پۆزەتیڤیزم، کە دەیویست جیهان تەنیا بە یاریدەی زانستە ئەزموونییەکان (ئەمپیرییەکان)، واتا بەبێ مێتافیزیك، روون بکاتەوە. لە ئینگلاند بینسام و میل گۆڕانیان دا بە یوتیلیتاریزم؛ ئەم فەلسەفەیە بەڕێی کۆنسەپتی بایی-کەڵك، بە ئیدێی شێوەیەکی "ڕەفاهییەت بۆ هەمووان" (پرنسیپی گەورەترین بەختیاریی گەورەترین ژمارە)، پاڵهێزی گرنگی دا بە ئابووریناسی و ئێتیك. ئابووریناسی، لەپاڵ فەلسەفەی مێژوودا، لە پنتی نێوەندی فەلسەفەکەی مارکسدایە، کە خۆبەستوو بە هێگل و ماتەریالیستەکانەوە کۆمونیزمی گۆڕان پێدا. مارکس دەیگوت پێویستە پێش پەرچاندنە تیۆرییەکان فەزل بە وەرفۆرماندنی پەیوەندییە کۆنکرێتە کۆمەڵایەتییەکان بدرێ:


"فەیلەسوفەکان جیهانیان تەنها جیاواز ڕاڤە کردووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە جیهان بگۆڕدرێ".

ئەو هزرڤانە بەناوبانگانە، کە ڕێگەی نوێیان گرتە بەر، بریتی بوون لە ئارتور شۆپنهاوەر، سوێرن کیرکەگۆرد، فریدریش نیتچە. شۆپنهاوەر پابەند بوو بە فەلسەفەی هیندییەوە؛ ئەم فەیلەسوفە دەنگی دەنا بە فەزل و باڵادەستیی ویستدا بەرانبەر بە ئەقڵ. جیهانبینییە ڕەشبینەکەی بەتایبەتی لە ئەزموونی خەمەوە دیاری دەکرێ، بەڵام هەروەها لە پێشبینیی بودیستیشەوە سەرچاوە دەگرێ. فریدریش نیتچە فەیلەسوفێکی شاز بوو و بە هەمان شێوەی شۆپنهاوەر کاریگەریی گەورەی لەسەر هونەرەکان هەبوو. ئەم خۆی ناو دەنا ئیمۆرالیست. نیتچە بەهاکانی مۆرالی ترادیسیۆنییانەی دیانی وەك نیشانەی لاوازی و دێکادێنس دەبینی. نیتچە ئیدێکانی نیهیلیزم و مرۆڤی باڵا، "گەڕانەوەی هەمیشەیی" و دووپاتبوونەوەی بێکۆتایی مێژووی تێماتیزە کرد. بەڵام هزرڤانی ئایینی سوێرن کیرکەگۆرد لە هەندێك ڕووەوە ڕێخۆشکەرێکی ئەکزیستێنسیالیزم بوو. کیرکەگۆرد نوێنەرایەتیی تاکگەراییەکی رادیکالی دەکرد؛ ئەم تاکگەراییە ناپرسێ، کە مرۆڤ چۆن لە پرنسیپەوە دەتوانێ کرداری ڕاست بنوێنێ، بەڵکو چۆن مرۆڤ گەرەکە وەك کەسی تاك (ئیندیڤید) لە هەر حاڵەتێکی کۆنکرێتدا ڕەفتار بنوێنێ.

### فەلسەفەی سەدەی بیستەم

مۆرکی فەلسەفەی سەدەی بیستەم بریتییە لە هەمەلایەنییەکی گەورەی پێکهاتوو لە هەڵوێست و جەرەیان. ئەم سەدەیە لە سەرەتاکانیدا بڕوایەکی بەهێزی بە پێشکەوتن و زانست هەبوو، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا (کاتێك لە کایەی کۆمەڵایەتیدا ئەزموونی هەردوو جەنگەکە، "شۆئا" و هەڕەشەی پلانێت بەڕێی چەکی ناوکییەوە هاتە ئاراوە و سیستەمی ژینگە (ئیکۆ) بەڕێی خودی مرۆڤەوە کەوتە مەترسییەوە)، ئەو هزرڤانانە کە گومانیان لە پێشکەوتن دەکرد و لە کاتی روسۆ بەدوواوە هەتا ڕادەیەکی زۆر خرابوونە کەنارەوە، لە فەلسەفەشدا واتایان وەرگرتەوە. سەرکەوتنە مەزنەکانی تەکنیك لە سەدەی نۆزدەیەمدا بوون بە پاڵهێزێك بۆ بەهێزبوونی هەڵوێستە نیوپۆزەتیڤیستیەکان. رودۆلف کارناپ، کە ئەزموونگەرایەکی لۆجیکیی بوو، داوای دەکرد، کە "لۆجیکی زانست"، واتا شرۆڤەی لۆجیکییانەی زمانی زانست، بەتەواوی جێی فەلسەفە بگرێتەوە. کارل پۆپەر، کە ئەقڵگەرایەکی ڕەخنەیی بوو، ئەرگومێنتی دەهێنایەوە، کە پێشکەوتنی زانستی پێش هەموو شتێك بەڕێی فالسیفیکاسیۆنەوە (دژبێژیکردنی زانستیانەی تاکە تیۆرییەکانەوە بە ئێکسپێریمێنت) دێتە گۆڕێ. لە روانگەی پۆپەر ئەو تیۆرییە زانستییانە خۆیان لەنێو پرۆسەکی ئێڤۆلوسیۆنیانەی هەڵبژاردندا (زێلەکسیۆندا) دەسەپێنن، کە لە ڕاستییەوە نزیکترینن. بەڵام تۆماس ساموێل کون بە پێچەوانەی پۆپەر ئەو تێڕوانینەی هەبوو، کە ئەو تیۆرییە جیاوازانەی بە هەمان پرسیارەوە خەریکن، لە پرنسیپەوە نەشیاوی بەراوردکردنن، هەر بۆیە نەشیاوە لێرەدا ریالیستییانە باڵادەستیی تیۆرییەك بەسەر ئەوانی دیکەدا ساغ بکرێتەوە؛ تەنها ڕەوانبێژی پێیدەکرێ تیۆرییەك بەسەر یەکێکی دیکەدا سەروەر بکات. هەروەها داواکارییەکەی پاول فایەرئابند بۆ ئازادیی مێتۆدییانە ئاڕاستەیەکی بەم چەشنەی روانگەکەی کون ی گرتە بەر. لە کۆتاییدا پراگماتیزم داوا دەکات، کە دەبێ تیۆرییەکان لە پراکسیسدا لە روانگەی بەکارهێنان و بەگەڕخستنیانەوە بنرخێنرێن. دەشێ لەو جەرەیانە هزرییانە وەك پەرچەکردار لەسەر پەرەسەندنی زانستیزەکردنی سەرجەم کایەکانی ژیان تێبگەین، کە روو دەکەنە کەسی تاك و ژیان. "فەلسەفەی ژیان" لە بناغەوە ئەو هەڵوێستەی هەبوو، کە دەیگوت "سەرجەمێتی"ی ژیان بەڕێی زانست و تێگەیشت و لۆجیکەوە شیاوی ڕاڤەکردن نییە. ئۆنری بێرگسن بۆ نموونە جیاوازییەکی بناغەیی لە نێوان کاتی بە خۆیی ژیانراو (erlebt) و کاتی شرۆڤەیی زانستە سروشتییەکاندا دەبینی. ئێدموند هوسەرل، دامەزرێنەرەکەی فێنۆمێنۆلۆژی، هاوشێوەی ئەمە ڕەخنەییانە داوای دەکرد، مرۆڤ بۆ ئەوەی خۆی لە ڕاڤەیەکی خێرای جیهان بەدوور بگرێ، ئەوا گەرەکە لە حاڵەتی لێڕوانینی شرۆڤەیی شتەکاندا ڕەچاوی ئەو شتە بکات، کە ڕاستەوخۆ بۆ پێزانین دیار دەکات. فەلسەفەی ئەکزیستێنی مارتین هایدێگەر، کە شاگردی هوسەرل بوو، کاریگەرییەکی گەورەی نواند. پنتی دەرچوونی هایدێگەر بریتی بوو لە شرۆڤەی ڤێهەیەی (Befindlichkeit) گشتیی مرۆڤ و ئەمەش هایدێگەری گەیاند بە پرسیار سەبارەت بە "مەغزا"ی بوون. ئەکزیستێنسیالیزم، کە بەتایبەتی ژۆن-پۆل سارتەر نوێنەرایەتیی دەکرد، خۆ بەستوو بە هایدێگەرەوە، تێزەکەی خۆی ڕاگەیاند: مرۆڤ "حوکمی ئازادیی بەسەردا دراوە"؛ مرۆڤ دەبێ لە هەر کردارێکیدا ئیختیارێك ئەنجام بدات و هەر ئەو خۆیشی لەم ئیختیارەی بەرپرسیارە. ئالبێر کامیو دەنووسێ: "تەنها یەك کێشەی فەلسەفیانەی بەراستی جیدی هیە: خۆکوشتن. گەر بڕیار بۆ ئەوە بدرێ، کە داخۆ ژیان بەهایەکی هەبێ بۆ ئەوەی بژێنرێ یان نا، ئەوا بڕیارەکە واتایەکی ئەوتۆ دەگەیەنێ، کە وەڵامی پرسیارە بناغەییەکەی فەلسەفە بدرێتەوە. هەموو شتەکانی دی، بۆ نموونە پرسیارەکانی: داخۆ جیهان سێ دیمەنزیۆنی هەبێ و داخۆ هۆش نۆ یان دوازدە کاتیگۆریی هەبێ، بەدووی ئەو پرسیارەی یەکەمدا دێن. ئەمانە بریتین لە گەمە؛ مرۆڤ دەبێ سەرەتا وەڵام بداتەوە". وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکان، ناکۆکیی نێوان

کۆمونیزمی سۆڤیێتی و فۆرمە رۆژئاوایی-سەرمایەدارییەکانی کۆمەڵگا، مۆرکی سەدەی بیستەم بوون. لە رەوتی ئەم ناکۆکییەدا، کە لە "جەنگی سارد"دا لوتکەی بەست و پاشان بە جیهانگیری گەیشتە ئەو رادەیەی کە دیمەنزیۆنی جیهانیانەی سەراپایی وەربگرێ، بە هێزەوە لە دێباتە فەلسەفییەکاندا دەنگ بەو پرسیارانەدا دەنرا، کە فەلسەفی-مێژوویی و فەلسەفی-کۆمەڵایەتی بوون. ئێرنست بلۆخ لە "پرنسیپی هیوا"دا هەوڵی دا ئەو "جیهانەی ئازادی"، کە کارل مارکس خستبوویە کۆتایی سەرجەم زۆرانە چینایەتییەکانەوە، وەك یوتۆپیایەکی کۆنکرێت بسەلمێنێ؛ فەزلی ئەم یوتۆپیایە لە روانگەی بلۆخ لەچاو سەرجەم یوتۆپیاکانی پێشتر لەوەدایە، کە لەسەر بناغەی ماتەریالیزمی دیالێکتیکی دامەزراوە. هەروەها هێربەرت مارکوزە و دامەزرێنەرانی "تیۆریی رەخنەیی"، تیۆدۆر ڤ. ئادۆرنۆ و ماکس هۆرکهایمەر، خۆبەستوو بە شرۆڤە کۆمەڵایەتییەکانی ماکس و ئێنگلسەوە، گۆڕانیان دا بە بنەما فەلسەفییەکانیان سەبارەت بە کێشەی نامۆبوون. تیۆریی رەخنەیی، کە هەروەها ناودەنرێ فێرگەی فرانکفورت، یورگن هابەرماسی هێنایە ئاراوە. ئەم فەیلەسوفە بە "تیۆریی کرداری کۆمونیکاتیف" و بە نموونەی "دیسکورزی ئازاد لە دەسەڵات"، بە هەمان شێوە ئەرکەکەی خۆی ئاراستەی کۆمەڵگەیەك دەکات، کە لە پەیوەندییەکانی پابەندی ئازاد بێ؛ بەڵام ئەم تیۆرییە هاوکات توانستە پڕچانسەکانی دێمۆکراتییەکانی رۆژئاوا بەرز دەنرخێنێ. چارلس تایلەر، کە هزرڤانێکی دیاریکەری کۆمونیتاریزمە، بە ئینزارکردنەوە روو دەکاتە مەترسییەکانی "تاکگەراییەکی ئەتۆمیستی" لەنێو کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا. تایلەر رێگەی هێشتنەوەی یان چێکردنی مەرجە هومانە کۆمەڵایەتییەکان و ئیکۆلۆژییە سەرجەمییەکان لە هاوسەنگییەکدا دەبینێ، کە دەبێ جارێ لە نێوان مافەکانی کەسی تاك و فرمانە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤاندا بهێنرێتە گۆڕێ.



**فەلسەفەی هاوچەرخ**

لەبەر ئەوەی نرخاندنێکی ئاوڕدەرەوە، کە بەرەو پاش لە واتای بنەما فەلسەفییە جیاوازەکان بڕوانێ، هێشتا ئەنجام نەدراوە، ئەوا فەلسەفەی هاوچەرخ جارێ خۆی لە بەردەم کێشەی دیاریکردنی بابەتەکەیدا دەبینێتەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە لە فەلسەفەدا پایەگایەکی سەنترالی بە زمان دەدرێ. لودڤیگ ڤیتگنشتاین گۆڕانی دا بە تێگەیشتنێکی تەواو نوێی زمان: زمان لە روانگەی ڤیتگنشتاین بریتییە لە تێکەڵێکی "گەمە زمانییەکان"، بەڵام تێکەڵێك کە نەشیاوی ناسینەوەیە، لێرەشدا زمان تەنها لەتەك "کێشە رواڵەتییەکان"دا خەریکە، واتا فەلسەفە تەنها "تێکچوونە زمانییەکان"ی خۆی چاك دەکاتەوە؛ کەواتە فەلسەفە چالاکییەکی "عیلاجکەرانەیە" نەك "روونکەرەوە":

ڤیتگنشتاین دەنووسێ: "فەلسەفە بریتییە لە خەباتێك بە دەسوێژەکانی زمانمان دژی جادوویاندنی زەینمان".

فەلسەفەی شیکاری، کە سەرەتا بەزۆریی ئاراستەیەکی زمانی-فەلسەفییانەی گرتبووە بەر، لە کۆنتێکستە ئەنگلزاکسییەکان و هەروەها بە پەرەسەندوویی لە ناوچەی زمانی ئەڵمانیشدا، سەروەرە بەسەر مێتۆدی فەلسەفەی ئەکادیمیدا. بەڵام لە زۆرینەی زانکۆکاندا پلورالیزمێکی دەرکەوتوو خۆی پەیوەست بە تێم و جەرەیانە فەلسەفییە زانستییەکانەوە دەنوێنێ. پۆستمۆدێرنە (بۆ نموونە گیلێز دێلوز، ژۆن-فرانسوا لیۆتارد، ژۆن بودریا) بریتییە لە دژە جڤاتێکی ئیدێکانی مۆدێرنە و دەنگ دەنێ بە جیاوازییەکانی نێوان جیهانەکانی هزر و ژیاندا؛ هەروەها شوناسی مرۆڤ وەك ناسەقامگیر دادەنێ. فەلسەفەی فەمینیستی، کە لە پۆستمۆدێرنە نزیکە، لە بواری پابەندبوونی راڤەی جیهاندا بە رەگەزەوە کار دەکات. هەروەها سکۆلاییزمی نوێ، بەتایبەتی تۆمیزمی نوێ، کە لە وڵاتانی ئەڵمانی زماندا کەم گرنگیی پێدەدرێ، لە سەراپای جیهاندا جەرەیانێکی کاریگەری فەلسەفەی هاوچەرخ پێکدەهێنێ، ئەمەش لەو کاتەوە کە کلێسەی کاتۆلیکی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ئەم جەرەیانەی کرد بە ناوەرۆکی پەروەردەی فێرکاری (...) ی پرسیتەران.

سەرچاوە:

„http://de.wikipedia.org/wiki/Philosophie“

تێبینی: لەم وەرگێڕانەدا، بەهۆی لێژگەی زمانەوانی نێوان ئەڵمانی و کوردییەوە، ئازادانە کار کراوەتەوە.

فەرهەنگۆك

ئەکزیستێنس: لێرەبوون

ئەکزیستێنسیالیزم: لێرەبوونگەرایی (الوجودية)

ئۆتۆرێتی: دەسەڵاتێکی رێزلێگیراو و لێترسراو

ئۆنتۆلۆژی: بوونزانی

ئیمۆرالیست: کەسێك کە مۆرالی هەبووی سەروەر رەفز بکات

پێرپاتۆس: ناوی فێرگەکەی ئەرِستۆتێلیس بوو

پێرۆن: (٣٦٠-٢٧٠ پ.ز.) دامەزرێنەری فەلسەفەیەکی گۆمانگەرایی بوو

دۆم: کلێسەی گەورە و قەشەنگ

دێبات: دانوستاندنی زانستی

دێکادێنس: بەدجۆربوون لە گەیینی کۆلتوورییەوە؛ جیاوازە لە بۆگەنکردنی کۆمەڵایەتی.

دیمەنزنیۆن: (بعد)

راسیۆنال: ئاقڵانە

راسیۆنالێتی: پەیوەست بە ئەقڵەوە

سکۆلاییزم: شێوازی هزین و فێرکاری لە چەرخی نێڤینی ئەوروپیدا

سینتێز: (ترکیب)

کۆمێنتاتۆر: (شارح)

کۆمونیکاتیف: شیاوی راگەیاندن بە زمان

کۆنتێکست: (سیاق)

کۆنڤەنسیۆن: (اتفاق)

کۆنسەپسیۆن: پلانی تیۆرییانە

کلۆستەر: خانووی ژیانی راهیب و راهیبە دیانەکان

میستیك: زانستی نهێنییەکان، بۆ نموونە سۆفیزم.

نۆرم: (معیار)

نۆرماتیڤ (معیاری)

یوتیلیتاریزم: فەلسەفەی کەڵکگەرایی

# شیکردنەوەیەك بۆ "لێکچواندنی ئەشکەوت" لای پلاتۆن

**لە ئەرەبییەوە:**

**سامان حسین و موسلیم کاکەیی**

**بەشی یەکەم**

لە دەستپێکی بەشی حەوتەمی دیالۆگی (کۆمار)دا، پلاتۆن لێکچواندنێکی بەناوبانگ دەخاتە ڕوو کە دەتوانین نەك تەنها بە لوتکەی سەرجەم دیالۆگەکانی دایبنێین، بەڵکو تەنانەت بە لوتکەی ڕێبازەکەی پلاتۆن بە شێوەیەکی گشتی دابنێین. ڕەنگە ئەم دیالۆگە پوختەیەك بوو بێ بۆ کەلتورێکی فەلسەفی تەواو.

ئەمە بۆیە ئاوهایە، چونکە فەلسەفەکەی پلاتۆن لە نموونەی چاکەدا دەگاتە لوتکە، کە بریتییە لە سنوری باڵا. ئەم فەلسەفەیە بەسەرسوڕمانەوە لە ئاستیدا دەوەستێت. پلاتۆن زۆر بە وریاییەوە دەچێتە نێو توێژینەوەکەی لە بارەی نموونەی چاکە، هەروەك ئەوەی بابەتێکی پیرۆزبێت، کە نابێتو دروست نییە هیچ کەس توخنی بکەویت، تەنها لە سنورێکی دیاریکراودا نەبێت، هەروەها عەقڵی مرۆڤ ناتوانێت تێی پەڕێنێت. ئەم لێکچواندنە زۆر لە زمانی تیۆلۆژیای نێگەتیڤانە دەچێت کە کاتێك باسی چاکە دەکاتو خەسڵەتە نێگەتیڤەکانی خواوەندی پێ بەسە، بۆ ئەوەی جەخت لەباڵابوونی هزر بەسەر چەمکدا بکات، یان خەسڵەتەکانی خالق لە مەخلوقەکانەوە وەربگرێت، ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ مەحاڵێتیی گەیشتن بەو خەسڵەتانە بە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ. پلاتۆن لە بەشی شەشەمو حەوتەمدا زنجیرەیەك لێکچواندنی باسکردوەو بە هەموویان یەك ئەڵقەی تەواو پێکدەهێنن، ئەم زنجیرە لێکچواندنە بریتییە لە لێکچواندنی خۆرو هێڵو ئەشکەوت. تەواوی ئەم لێکچواندنانە لە ڕاستیدا هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە، جگە لە هەوڵی نزیکبوونەوە لە جەوهەری ئەو پرەنسیپە باڵایەی کە پلاتۆن تەنها بەڕێزو پیرۆزییەکی توندەوە باسی لێدەکات. پلاتۆن چاکە بە خۆر دەچوێنێتو جیهانیش کە هەبوونی پابەندە بە چاکەوە، بەو شتانە دەچوێنێت کە تیشکی خۆر وەردەگرنو بەهۆی ئەوەوە نەبێ نابینرێن، بەڵام عەقڵ کە ئامرازی زانینی چاکەیە بە چاو دەچوێنێت، کە ئەندامی تایبەتمەندی بینینە لە مرۆڤدا، پلاتۆنیش لە لێکچواندنی هێڵدا پلە جیاوازەکانی زانین ڕوون دەکاتەوەو ئەم ڕوونکردنەوەیەش بە زانینی سێبەری شتەکان سەرەتا دەگریو بە زانینی نموونەی بێگەردو سەروشەییانەی چاکە کۆتایی دێت. ئەوەی دانی پێدانراوە ئەوەیە، کە لێکچواندنی ئەشکەوت درێژەپێدانی ئەو دوو لێکچواندنەی پێشووە، تەنانەت بە لای هەندێك لە ڕاڤەکارانی ئەو لێکچواندنانەوە، لێرەشدا بە تایبەتی (لێکچواندنی هێڵ)، پێکەوە یەکەیەك پێکدەهێنن. ئامانجی هەر یەکەی ئەم لێکچواندنانە تێکڕا بریتییە لە ڕاڤەکردنی مێتافۆریانەی(مجازی) ئەو بابەتەی کە ناکرێ ڕاستەخۆ لێی تێبگەین، بەڵام ئەم بابەتە سەرەڕای ئەوەش بریتییە لە سەرچاوەی سەرجەم زانینی حەقیقی (ڕاستەقینە). بەڵام لێکچوواندنی ئەشکەوت، گەر بییەوێ حوکمی دروست لە دەوڵەت یان پەروەردەی تەندروستی تاکدا هەبێت، ئەوا (گەرچی ئێمە دانمان بەوەدا نا کە هەر سێ لێکچواندنەکانی خۆرو هێڵو ئەشکەوت یەکەیەك پێکدەهێنن یان لەیەك لێکچواندندا زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراونو پێ بە پێ وردترو مەحکومتر دەبنەوە) هاوکات دەتوانین ئاماژە بە جۆرێك لە تایبەتمەندیی هەر یەکێك لەم لێکچواندنانە یان بە جۆرێك لە جوڵەی دیالێکتیکی لە نێوانیاندا بدەین، چونکە لێکچواندنی خۆر پەیوەستە بە خودی بابەتەکەوە، واتا هەوڵ دەدات بەڕێی نزیکترین نموونەوە کە خۆرە، لە خودی چاکە نزیك بکەوێتەوە، لێکچواندنی هێڵ کە نموونەی چاکە روندەکاتەوە، خۆی بە خودی چاکەوە پەیوەست دەکات، واتا بەو پلانەی پێزانینەوە، کە زەینی مرۆڤیان لەکاتی گواستنەوە لە نەزانینی تەواوەوە بۆ زانینێکی عەقلانیی بێگەرد پێدا تێدەپەڕێت. ئەمەش ئامرازەکەیەتی بۆ ڕامان لە چاکە، بەڵام لێکچواندنی ئەشکەوت پەیوەستە بە خودو بابەت پێکەوە. ئەم لێکچوواندنە باسی شێوەکانی پێزانەر دەکات لە وەرچەرخانیدا لە نەزانینەوە بۆ زانین، یان لە سنووردارییی عەقڵەوە بۆ ڕۆشنبوونەوە، هەروەها باس لە پلەکانی خودی بوون دەکات، واتە هەڵدەستێ بە ئاخافتن لەبارەی پلە پێ بە پێیەکانی واقیعێك، کە خۆر هێمای بۆ دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لێکچواندنی ئەشکەوت لە دوو لێکچواندنەکەی پێشوو پێکهاتووە، زانینو بابەتەکەی لە یەکەیەکدا کۆدەکاتەوەو ئەرکی هەردوو لێکچواندنی خۆرو هێڵ درێژە پێدەدات، بەڵام لە ئاستێکی باڵاترو قووڵتردا.

ئاسایی بوو ئەگەر لێکچواندنی ئەشکەوت بەهۆی ئاڵۆزیو فرەلایەنییەکەیەوە ڕاڤەی زۆری هەڵبگرتایە، دەکرێت ڕاڤەکردنێکی سیاسیانەی بۆ بکرێت لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئاماژە دەکات بەجیاوازی نێوان زانینی فەیلەسوف، کە شایستەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەو زانینی ئەو کەسانەی پێویستیان بە فەیلەسوفە تابەرەو ڕوناکی سەرکردایەتیان بکات، هەر وەك پلاتۆن بۆخۆی لەدەستپێکی لێکچواندنەکەدا دەڵێت: دەکرێت- لەڕوانگەی ڕۆشنکردنەوە Paideia و کەمی ڕۆشنکردنەوەوە apaideusia ڕاڤە بکرێت، ئەو ڕاڤەکردنەی کە (ییجر) دەیکاتو تەنانەت بۆ ناونیشانی کتێبە بەناوبانگەکەی لەبارەی(نمونەی باڵای شارستانیەتی گریکی) هەڵیدەبژێرێت، بەپێی ئەم ڕاڤەکردنەش لێکچواندنی ئەشکەوتو ژیانێکی ڕۆشن کە ڕاستی شتەکان لەژێر تیشکی خۆردا دەرك پێدەکات، دواجاریش بەراوردکردنە لەنێوان دوو جۆر بەهادا، کە هیچ یەکێکیان تەنها ڕووی نێگەتیڤانەی ئەوی تریان نییەو بەس، بەڵکو حاڵەتێکی بەکردەوەییە کە بەشی زۆری مرۆڤی تێدا دەژیو بەتەواوی توانای خۆیانەوە بەرگری لێدەکەنو هەرکەسێك هەوڵی ڕزگارکردنیان بدات دەیچەوسێننەوە، واتا حاڵەتێکی پۆزەتیڤانەی لاڕێبوونە، کە خەڵکی تیایدا بەکردەوە ڕەزامەند دەبنو چێژ لە خۆشییە تایبەتییەکانیان دەبینن، کە بەڕووی ئەو خۆشیانەدا دەوەستنەوە کە فەیلەسوف لە ژیانیدا دەیانبینێتو لە بەهاکانی خۆیەوە هەڵیاندەهێنجێت. کەواتە لە ئەشکەوتەکەدا سیستەمێکی تەواو هەیە کار لەسەر ڕازیکردنی ئەو ئارەزووە کەم ڕۆشنە دەکاتو بەهاکانی لە دژی هەر مەیلێکی فەلسەفیانە بەرەو حەقیقەت دەپارێزێت. بەکورتی ئەشکەوت ململانێی ئەزەلی نێوان بەهای ژیانی فەلسەفیانەو بەهای ژیانی ڕوکەشی ڕۆژانە وێنا دەکات، ئەویش ئەو ململانێیەیە کە ڕەنگە لە ناخی تاکدا خول بخوات وەك چۆن لەنێو توێژەکانی کۆمەڵیشدا خول دەخواتەوە.

**ن.فؤاد زکریا (لەکتێبی ،دراسة لجمهورية افلاطون)**

# ئافرەت و ژانی سەردەم



جەمیلە محەمەد ئەمین

ئافرەتی کورد مرۆڤێکە لەخەمو کلۆڵیو چەوسانەوە هەڵکێشراوەو گیانی ئاوێتەی رەنگە تاڵەکانی کوێرەوەریەو حەسرەت بەباڵای دابڕاوە. خەمی ئێمەی ئافرەت لەدایکبووی ساتە وەختێکی نوێی وەرزە تەمەن نیە کە لە شکۆفەی تەمەنی هەرزەکاریماندا دەست لەملانێی ئازارەکانی بین، نەخێر..! ئێمەوژیان، ئێمەو گریان، ئێمەو کۆستو برین.. دوو رەنگین لەگەڵ مۆمی تازەی لەدایك بوونمانەوە تێك چرژاوینو حەسرەتێکمان پێك هێناوە زمانی پێکەنین نازانێ. گریانو ناڵەی رەنگ ئەرخەوانی پێناسەی ئەم ساتەمانە.. سێبەری ترسی ژن بەژنو رەشەبای ناوەختی گەورە بەبچووکیو مۆتەکەی شیربایی.. ئەمانە دەماننناسێنن.. ئەمانە لەم راستیە ترسناکەدا پەنجەی بونمان بۆ رادەدێرن..بۆ؟!.

دەمێك نیە بەئافرەتێکی بەتەمەن گەیشتم لەچاوەکانیدا زامم دەخوێندەوە، لەسیمایدا هەستم دەکرد گوڵی حەزەکانی وەریبوون.. لێمپرسی:ئەوە بۆ؟ گووتی: کچەکەم، گووتم: کچەکەت چیەتی؟ گووتی: کوشتیان. گووتم: بۆکوشتیان؟ . ! هێدی هێدی دەرگای لەوشەکانی ناخی کردەوەو سەرگوزشتەی حەسرەتی گێڕایەوە. کچەکەم لەمنداڵیەوە بەدبەختی لەڕوودا نوسرابوو.. هێشتا بەهاری چوارەمی تەمەنی تێپەڕ نەکردبوو گەورە بەچووکی پێکراو لە پێناو خواستی مامیدا بەژن درا. کچەکەم گەورەبوو... خونچەیەکی تازە پێگەیشتوو بوو هاتنە داوای... کچەش لە هەموو شتێك بەئاگا بووبێ لەم کەینو بەینە بەئاگانەبوو.. بۆیە ئامادەیی نیشان نەداو..رەتی کردەوە.. بەڵام سەروەری باوكو زۆرداری بێدەسەڵاتیو رازینەبوونی کچەکەمی سەرنەخستو بەشوویدا، بەم جۆرە بێ ویستی خۆی بەرەو جیهانێکی تاریك وەرێیان خست تا سەرەنجام منداڵێکی قژ زێرینیان بەژیان بەخشی. کچەکە دڵپاك بوو، راستگۆ بوو، داوێن پاك بوو، پێچەوانەی مێردەکەی ئەوەندەو زیاتر دووررو، ئێسکگرانانێ. أ مۆمی تازەی لەدایك بوونمانەوە تیو مۆن بوو، شتی ناڕاستی لەنەبوو دروستدەکرد بیانووی بێمەبەستی بۆ کچەکەم دەهێنایەوە. تاوانی داوێن پیسیو بێئابڕوویی دەخستەپاڵ، بەخوا ئەو بێتاوانە لەهەموو ئەمانە بێبەری بوو، بگرە لەمرۆڤێکی پاك پاکتر بوو. شوەکەی بەوەش نەوەستا ئەو بیانو بوختانەی گەیاندە مامو باوکی کچەکەم تا ئەوانیش بکەونە دژیو قسەی خۆی سەربخات، بەم جۆرە کەوتە پیلان گێڕان بۆ لەناوبردنی کچەکەم، دەرەنجام بەبیانووی سەردانی ماڵی باوکی کە لەلادێ بوون بردیو ئەویش بەخۆشیەوە بەرەو ماڵی خەزووری دەچێت بێئاگا لەو پلانەی بۆیان داناوە لەجیاتی دایكو باوکی مێردەکەی مەرگ چاوەڕێ دەکردو زۆر نامرۆڤانە بەبەرو دار کوشتیانو................ لێرەدا خەمو حەسرەتو گریان رێگایان نەدا چیرۆکە پڕ لە تراژیدیای کچە بێنازەکەی تەواو بکاتو بێدەنگ بوو .

لەم ولاتەدا ئێمەی ئافرەت بووینە قوربانی دەستی پیاوسالاریو باوکسالاری.. قوربانی دابو نەریتی کۆنی کۆمەڵایەتیو دەبی جام بشکێ بەڵام نەزرنگێ...! لەم واقیعەی سەردەمەدا ئەمە بەشی ئێمەیە لە سەدەی پێشکەوتنو هاوچەرخدا . کێ لێی بەرپرسیارە؟!

هەتاکەی . . . . . . . . . . . . . . .ووو؟؟؟؟؟؟!

پرسیارگەلێکن وەڵامیان گەرەکە.

## گەنجی پیر

### کۆشان عەلی

دوو ووشەی تەواو جیاوازە ئەم ناونیشانەی سەرەوە، بەڵکو گەر هەڵە نەبین تەواو دژ بەیەکتریشن لەڕووی شێوەو شکڵیانەوە، بەڵام سەرجەم مرۆڤەکان گەر تووشی مەرگ نەبن، دەبێت هەردوو قۆناغی گەنجیو پیری بگوزەرێنن.. گەنج بوون، لەڕووی شێوەو پێکهاتنیەوە، هەموو جوانیەکان، هەموو هێزو تواناو جوڵەی چالاكو هزری بەهێزی مرۆڤو توانای پتەوی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت، بەتەواوی مانا گەنج بوون ئەوپەڕی هێزو توانای مرۆڤ لەخۆی دەگرێت.. بەڵام پیربوون بەپێچەوانەوە لەڕووی شێوەو پێکهاتنەوە، ئەوپەڕی بێ توانایيو بێ هیوایی مرۆڤە، سات بۆسات مرۆڤ دەپوکێتەوە، لەناو دەچێت..

بەڵام ئایا دەکرێت: گەنجێکی پیر، یان پیرێکی گەنج وجودی هەبێت؟

بەڵێ، هەیە.. بەڵام چۆن؟ وە بۆچی گەنج و پیری لەم شێوەمان هەیە؟

گەنج بوون تەنها لای ئێمە لەڕووخساردا کورت کراوەتەوە، پیربوونیش بەهەمان شێوە، کەچی ئەمە بەشێکی گەنج بوونە، بەڵکو بنەڕەتی گەنج بوون، گەنج بوونە بە مانایەکی مەعنەویو میتافیزیکی.. هەر کە باسی گەنجمان کرد، ڕووخساری گەنجێك دێتە خەیاڵمانەوە، ڕووەکانی دیکەی ئەو کائینە دەخەینە ژێر ڕەحمی گوێ پێنەدانەوە.. گەنج بوون ئەگەر تەنها گەنج بوونی ڕووخسار بێت، ئەوەندەمان گەنج هەیە چاومان پڕ دەکاتەوە، پیریش بەهەمان شێوە.. بەڵام ئەوەی لەسەرمان پێویستە خوێندنەوەیەکی دیکەیە بۆ گەنج، خوێندنەوەیەك جیاواز لەوەی پێشوو، بۆئەوەی لەئایندەی ئەو گەنجەدا شتێك نەیەتە کایەوە کە گەنج بوونەوەیە لە تەمەنی پیریدا!! دەکرێ ئەم زارەوەیە سەیر بێت.. بەڵام زۆربەی پیرەکانی لای ئێمە ئومێدی گەنج بوونەوەیانەو، زۆربەی گەنجەکانی ئێمەش ئومێدی پیربوون.. ئەوکاتەی گەنجەکانمان لەتەمەنی خۆیاندن، هەمیشە پلەو پایەی پیرەکانو، دەسەڵاتو سوڵتەو، سامانیان هەڵیان دەخەڵەتێنێت، زۆربەی گەنجەکانی ئێمە ئومێدی ئەوجۆرە پیربوونە دەخوازن، ئەوکاتەی پیریش دەبن، بێ بەرپرسیاریو کەم ئەرکیو ناسکیو بەهێزیو جوانی تەمەنی گەنجی هەڵیان دەخەڵەتێنێت!! بۆئەوەی رزگارمان بێت لە وەها کێشەیەك، پێویستە چیتر گەنجەکانمان سەتحیو ڕووخساریانە لەدەوروبەرو ئامانجەکانیان نەڕووانن، ڕۆبچن بەناخی جەوهەری ژیاندا، بزانن بۆچی دەژین؟ ئەرکی ئەوان لەم تەمەنەدا چیە؟ بزانن پیر بوون گەیشتن نیە بەئاواتە ناکۆتاکان، گەیشتن نیە بە ئاواتو خۆشبەختی نمونەیی، بەڵکو هەریەك لەئێمە لەو تەمەنەی خۆیدا دەتوانێت ئەرکی خۆی باشتر ڕاپەڕێنێت وەکو لەوەی تەمسیلی گەورەتر لەخۆی بکاتەوە، خۆی لەدەست بداتو نەتوانێت ببێتە ئەوی دی.. کۆمەڵگایەك کە گەنجەکانی پیر بیربکەنەوە، پیرەکانی گەنج بیر بکەنەوە، لەنەهامەتیدان، نەهامەتیەك کە هەرگیز هەستی پێناکەنو هەمیشە بەدەمیەوە دەتلێنەوە..وەکو چۆن گەنجی جوانی خۆی لەچەند لایەنێکەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەپێشوودا ئاماژەم پێدا.. بەهەمان شێوەش پیربونیش، جوانترین هێزی لەخۆیدا کۆ کردووەتەوە کە عەقڵو دامەزراویە.. ئەو دەمەی گەنجێك بە ناسکی لەگەڵ ژیاندا هەڵدەکاتو زوو دەکەوێتە داوی ڕوخساری ژیانەوە، پیرێك دەتوانێ دەستی بگرێت ڕزگاری بکات، پتەوی پێ ببەخشێت.. ئەوکاتەی گەنجێك لەگەڵ بچوکترین شکستدا بێ ئومێد دەبێت، پیرێك کە چەندان شکستی لەو شێوەی بینیوە دەتوانێ ڕێنمونی بکات..ئی دی با لێرەوە گەنجەکانمان بەتەواوی مانا گەنج بنو پیرەکانیشمان شانازی بەپیر بوونیانەوە بکەن..

## هانا شوان:

# نە ٨ی مارس نە رۆژی ئەنفال، نەهیچ رۆژێکی تر ناتوانێت بۆیەك سات قەرەبووی ئەو هەموو ئازارەی ژنانی کۆمەڵگای ئێمە بکاتەوە



**زنار:هانا شوان کێیە**

هانا: لەساڵی ١٩٧٨لەدایك بووم‌و دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکان بەشی شانۆلە ساڵی ١٩٩٧ەوە لەسەرەتای دروستبوونی سەنتەری راگەیاندنی ژنانەوە کە ئەوکات سەر بە یەکێتی ژنان بڕیاری دەرکردنی رۆژنامەیەکیان دا بەناوی (ژیانەوە) لەو کاتەوە من هاتوومەتە ئەو بوارەوە، ئەوکاتە شەمام خان‌و پەیمان عزەددین‌و روناك فەرەج‌و چەندانی دی لەستاقی باڵای ژیانەوە بووین. سەرەتا بە وەرگێڕانی هەواڵ دەستم بە ئیشکردن کرد تا دواتر گەشە بەخۆم بدەم‌و کارەکانم فراوانتر بکەم لەکاری رۆژنامەوانی دا نەك تەنها تەرجومەی هەواڵ بەڵکو هاوکاری‌و کاریگەری ئەوانەی دەوروبەرم کاریگەرییان لەسەرم هەبوو، خۆ هیلاککردن‌و ئیمان بوونم بە قەزیەیەك کە ناوی قەزیەی ژنانە لە کوردستان، ئەمانە هەمووی وایکرد، سەرەڕای هەموو کۆسپەکانی سەر رێگەم هەر هەوڵ بدەم‌و بمێنمەوە ئەوەش تەنها بەهۆی ئیمانم بە قەزیەیەك کە ناوی قەزیەی ژنانە نەك حەزم بۆ ئیشکردن، ئێستاش جێگری سەنووسەری رۆژنامەی (رێوانم)م کە سەر بە سەنتەری روناکبیری ژنانە.

**زنار: چۆن دەڕوانیتە مەسەلەی ژنان لە کوردستان.**

هانا: ئەگەر سەیری کوردستانی گەورە بکەین، تەنها بەشێکە لەسەر گۆی ئەم زەمینە کە پارچەپارچە کرابێ‌و کاریگەری داگیرکەرانی دەوروبەری لەسەر بوبێ، بە دڵنیاییەوە ئەم ناتەندروستیەی هەڵکەوتەی سیاسی کوردستان وایکردووە کە مەسەلەی ژنانیش بەهەمان شێوە کۆمەڵێك رەهەندی ناتەندروستی تێدابێت، هەموومان دەزانین لە دوای راپەڕینەوە، کۆمەڵێك رێکخراوی ژنان دروست بوون، تا ئەوکاتەش تەنها رێکخراوە حزبیەکان هەبوون، پاش ئەوە بەچەند ساڵێك ئینجا کۆمەڵێك رێکخراوی سەربەخۆ دروست بکرێن، لەلایەنNGO سەربەخۆکانەوە کە لەبواری ژناندا ئیش دەکەن. بارودۆخی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ئێمە ئەو گۆڕانکاری‌و بەرزی‌و نزمیەی کە هەیە، کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر بارودۆخی ژنان هەبووە، هۆشیاری ژنان خۆیان، خیانەتکردنی هەندێ کەس لە ژنان‌و پیاوان، ئەمانە هەموویان بوونەتە هۆکار لە مەسەلەی ژنان لەم هەرێمەی ئێمەدا، مەسەلەیەکە لە ئەساسەوە بەشێوەیەکی ناتەندروست خوڵقاوە، مەنهەجێکی دیاریکراو نییە، حەقە رێکخراوەکانیش بە ستراتیژێکی نوێوە کاربکەن، چونکە هەندێ رێکخراو بەشێوەیەك کاردەکەن کە تەواو پێچەوانەی رێکخراوەکانی ترە، ئەمەش وایکردووە کە ئەگەرچی هەوڵ بدەی بۆ پێشەوە، جاری واهەیە هەنگاوێك هەوڵتداوە بچیتە پێشەوە، سێ هەنگاو هاتوویتە دواوە.

**زنار:تاچەند ئایین‌و کولتوور کاریگەریان هەیە لەسەر بارودۆخی ژنان.**

هانا: بەدڵنیایی ئەوە شتێکە نکۆڵی لێ ناکرێ، کە هەردوو لایەنەکە بەشێوەیەکی هاوتەریب کاریگەریەکی سلبیان هەبووە لەسەر بارودۆخی ژنان، ئەگەر سەیری مێژووی ئێمە بکەین بە درێژایی مێژووی بۆ نموونە ئێمە مەسەلەی کوشتنی ژنانمان هەبووەو دیاردەی خەتەکردنی ئافرەتانمان هەبووە، لەژێر کاریگەری عەرەب بەتایبەتی‌و داگیرکەرانی تر، لەمەیاندا وەك کولتوور مێژوو، هاوکات لەگەڵ مەسەلە دینیەکەشدا ئێمە لێدانی ژنانمان هەبووە، فرەژنیمان هەبووە، سوکایەتی بەژنانمان هەبووە، ئەمانە هەمووی پەیوەستە بە ئاینەوە، ئەوپەڕی نایاسایی‌و پلە دوویمان بەخشیوە بەژنان بەتایبەتی لەقانووندا کە هەڵقولاوی شەریعەتە.

**زنار: نێگەتیڤی‌و پۆزەتیڤی دیاردەی فرەژنی لە چیدا دەبینیەوە**

هانا: ئێمە گەر کۆمەڵگایەکی تەندروست بوینایە، ئێمە ئەگەر رێزی بێوەژنمان گرتبایە، گەر هەندێ پێداویستی سەرەتایی بۆ ژن هەبایە، مەسەلەن ژنێکی بێوەژن هەیە نەخوێندەوارەو کەوتۆتەوە بەسەر ماڵی باوکیداو داب‌و نەریتی ئێمەش دەزانی‌و تێڕوانینی ئێمەش بۆ بێوەژن دەزانێ، ئەمانە هەمووی دەبنە پاڵنەری ئەوەی کە ئەوژنە ناچار دەکەن شوبکاتەوە، هیچ ژنێك حەزناکات ماڵ لە ژنێکی تر تێك بدات، کەواتە سەرلەبەری ئەم دیاردەیە سلبیە، بەڵام چی وایکردووە هەموو جارێك ئەو گلەییە لە ژنان دەکرێ، ئینجا کە هەڵەیە ژن بۆ بەسەر ژن نەچێ، تۆ وەرە سەیری وەزعی ئەو ژنە بکە کە بەسەر ژنێکی تر دەچێ، حاڵەتە شازەکان ماون، بەڵام وەرە سەیرێکی زۆرینەی ئەو ژنانە بکە کە بەناچاری شوودەکەنەوە، تەنانەت لەشووی دوەمیشیاندا سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، قابیلە لەخۆشیاندا بێ گەر ماڵێکی ئاسودەی لەماڵی باوکیدا ئەگەر بژێوی ژیانی هەبێ ئەوا شوناکاتەوە، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتی فرەژنیەکاندا کە سەیری بکەیت، ئەگەر پیاوێك ژنی دووەم بهێنێ ناچێ بێوەژنێك بهێنێ، بەڵکو دەچێ کچێکی منداڵ دەهێنێ، بۆ نموونە هەندێکی قوتابی زانکۆ دەهێنێ، هەندێکی تر قوتابی دواناوەندی دەهێنێ، ئەمە بۆ، دەلالەت لەوە دەکات کە ئەسڵەن ئیختیاری ئێمە بەکارهێنانی ئێمە بۆ هەندێ شت سەلەبەری هەڵەیە.

**زنار: تۆ چارەسەری ئەم دیاردەیە چۆن دەبینی.**

هانا: هیچ دیاردەیەك چارەسەری یەکجارەکی نییەو دیاردەیەکیش ناتوانین

بڵێین بنبڕدەکرێت، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی ئێمە بیرلەوە بکاتەوە کە جۆرێك لە تایبەتمەندی یان جۆرێك لەهاوکاری ژنان بکات بەتایبەتی لەحاڵەتی بێوەژن بوون یان تەڵاقداندا. چارەسەری گەورەی ئەو بێوەژنانەی کە هەیە منداڵە، ژیانە، دابینکردنی بژێوییە، شوێنی نیشتەجێ بوونە، خەمە گەورەکانیان ئەوەیە کە بەداخەوە کەسێك نییە ئاوڕ لەو خەمانەیان بداتەوە.

زنار:رێژەیەک لەو کەسانەی کە لەبواری ژناندا ئیش دەکەن، خۆیان باوەڕیان بە فرەژنی هەیە یان خۆیان بەسەر ژنی تردا چوونە تێڕوانی تۆ لەسەر ئەم پرسە چۆنە.

هانا: پێتوایە ئەو پاوانخوازیەی کە تۆ باسی دەکەی، هەموویان تەئکیدیان لەوە کردۆتەوە کە بەر لەوەی بەسەر ژنێکی تر بچن، ئەوان لەگەڵ فرەژنیدا بوونەو نکۆڵیان لەو دیاردەیە نەکردووە، دژی ئەو حاڵەتانە ئیشیان نەکردووە، بۆیە کە کردوویانە ئەوان بەمافی خۆیان زانیوە، بەڵام ناتوانین ئەم بیرکردنەوانە بەشێوەیەکی سەیر بکەین.

زنار: پێتوایە رێکخراوەکانی ژنان لە کوردستان ئامانجێکی هاوبەشیان نییە.

هانا: نا.ناهەرگیز ئامانجی هاوبەش نییە، چونکە هەر رێکخراوەو بەپێی زەمینەو دارایی خۆیو عەقڵیەتی خۆی ئیش دەکات.

زنار رێژەی ٪۲۵ پەرلەمانی هەرێمی کوردستا دراوە بەژنان، لەکاتێکمدا تۆ گووتت ژنانی ئێمە ناهۆشیارن ئەی پێتوانییە ئەم رێژەیە زۆرە.

هانا: بەداخەوە لە دەسەڵاتی سیاسی ئێمەدا یەك کێشە هەیە، دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە ئێمەی بە مقەبایەکی ملەوەن داناوە، حەزی لێ بێ دەیکاتە شتێك، حەزی لێ بێ دەیکاتە پەرلامانتارو حەزی لێبێ دەیکاتە بەڕێوەبەری گشتی، یان دەیخاتە هەڵبژاردنەوە یان رێپێوانەوە، لەتۆوایە ئەو ئەفزەڵیەتەی کە دراوەتە ئەمە ئەفزەڵیەتە، ئەسڵەن ژنان لە ٪۲۵ یان ناوێ، بابێن تۆزێ دەستکاری قانوون بکەن کە تا ئێستا جورئەتیان نەکردووە، پەرلەمان خەریکی ئەوەیە کە دەستکاری بکات ئەویش خوادەزانێ کە لە بەرژەوەندی ژناندا دەبێت یان نا.

زنار: ئەم رێژەیە چی کردووە تا ئێستا.

هانا:تا ئێسشتا ئەزمونێکی وانەکراوە، بەڵام ئێستا کۆنگرەی(ی. ن. ك)هەیە لەگەڵ کۆمەڵێك دەزگا کە بڕیارە ژنان بچنە ناویانەوە. من بەلامەوە شتێکی زۆر ئاساییە کە ۱۰۰پیاو و ۲۵ ژن دەخەنە پێشەوە، ئەگەر ئەم ۲۵ ژنە هۆشیاربن، هەڵەش بکەن لە ئیشەکانیاندا با بیکەنو با ئەزمونەکەیان ببینن، بە سەدەها پیاوی گەندەڵمان هەیە کە بەناوی هەموو میللەتەوە قسە دەکەن، با دووژنیش هەبن لە مەجالەکەدا نەتوانن سەرکەوتن بەدەست بێنن.

زنار: شێوازی بەڕێوەبەردنی کارەکانات چۆنەو تاچەند کۆنتاکتو هاوکاریتان لەگەڵ رێکخراوەکانی دیکەی ژناندا هەیە.

هانا: ئێمە لەرووی داراییەوە لە رێکخراوەکانی دەرەوە پشتگیری دەکرێین، بەڵام لەکۆمەڵێ کاردا وەکو کەمپینو ئەوشتانە لەگەڵ رێکخراوەکانی ناوخۆ هاوبەشیمان کردووەو پەیوەندی بەردەوامیشمان لەگەڵ رێکخراوەکانی ناوخۆدا هەبووە، هەروەها ئیشکردنی ئێمە تایبەتمەندیەکی هەیە وەك ئیشکردن بۆ ئەو ژنانەی کە هەڕەشەیان لێ دەکرێ یان ئەوانەی کە دەکوژرێن، ئەم حاڵەتانە لای ئێمە تۆزێك توندترو خێراترەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەر ئەمەش وایکردووە، نەتوانین لەگەڵ رێکخراوە حزبیەکاندا پەیوەندیەکی راستەوخۆمان هەبێ.

زنار: پێتوایە رێکخراوەکانی ژنان لە ئاستی کێشەکانی ژناندا کاریان کردووە.

هانا: هەموو رێکخراوەکان ئیشیان کردووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بە چ مەنهەجێك ئیشیان کردووە، هەموو رێکخراوەکان کێشەی کۆمەڵایەتیان چارەسەر کردووە بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوان تاچەند قوربانیەکانیان پاراستووە، زۆرینەی رێکخراوەکان لەرووی راگەیاندنەوە ئیشیان کردووە، بەڵام تاچەند ئەو کەناڵەی ئەوان گرتوویانە لەبەرژەوەندی ژناندایە، مەنهەجیەتی کارکردنی هەندێ لە رێکخراوەکان فیعلەن هەڵەیە، کارکردنی هەندێ رێکخراویش فیعلەن پێچەوانەی پێویستیەکانی ژنانە، لەهەر رێکخراوێکدا ژنی ئێمە پێویستی بەوە نییە بە یاننامەیەك دەرکاو بڵێ دوعا بۆیە شەهیدکرا، چوونکە بوو بە موسڵمانو ناوی منداڵەکانتان بنێن دوعا، ئێمە پێویستیمان بەوەیە دوعا بە چ شێوەیەك کوژراو کێ دەستگیری کردووە ئایا بۆ دەستگیر نەکراوە.

زنار:سەنتەری روناکبیری ژنان چەند پرۆژەی هەیە.

هانا: ئێمە وەك کێشەی کۆمەڵایەتی رۆژانە کێشەمان بۆ دێت وەك مەسەلەی پرۆژەش، ئێمە زیاتر مەجالی پرۆژەکانمان، ناوچەی گەرمیانو ناوچە ئەنفالکراوەکانە، ئەو بێوەژنانەی کە لە پاشماوەی ئەنفالن لەرووی ئابووریو سیاسیەوە ئیشیان بۆ دەکەین، بەڵام بەداخەوە ئێستا بەشی پرۆژەکانمان راگرتووە بەهۆی کەمبوونەوەی پارەی پشتگیریەکانی بۆ مان دێت.



زنار:۸ی مارس چ گرنگیەکی هەیە لای هانا شوان.

هانا: نە ۸ی مارس نە رۆژی ئەنفال، نەهیچ رۆژێکی تر ناتوانێت بۆیەك سات قەرەبووی ئەو هەموو ئازارەی ژنانی کۆمەڵگای ئێمە بکاتەوە، لەبەر ئەوە من قەت لەگەڵ هیچ رۆژێکیدا نیم بۆ ژنان، لەبەر ئەوەی من پێموایە دەبێ هەموو رۆژەکانو کاتەکان، تەرخان بکرێن بۆ ئیشکردن بۆ ژنان. ژنانی ئەم وڵاتە هێدی هێدی وێران دەبن، بەڵام کەس نییە ئاوڕی لێ بداتەوە، ئێستا گەورەترین کێشەمان ئەوەیە کە رێژەیەکی زۆر بێوەژنی منداڵمان هەیە، ئەمەش دەلالەت لەوەدەکات کە گەنجانی ئێمە هەموو پێوەرەکانی هەڵبژاردنی هاوسەریان فاشیلە.

زنار: چۆن دەڕوانیتە دروشمەکانی ژنان وەك( پێویستە ژنانو پیاوان یەکسان بن) پێتوایە پیاو ئەوکائینە گەورەیەیە کە ژنان بگەنە ئاستی .

هانا: لە کۆمەڵگای ئێمەداو هەتا لەناو پیاوە رۆشنبیرەکانیشدا، کۆمەڵی نیو رستە، رستەی تەواویش نا، رۆیشتووەو بەردەوام دەگوترێتەوە کە هەر باکگراوندەکەشی غەڵەتە، ژن نیوەی کۆمەڵەوە دایکی نیوەکەی تریشە، نازانم ژن وایەو ژن وایە، ئەمانە هەموویان، ژنو پیاو لەهیچ کۆمەڵگایەکدا یەکسان نینو نابن، بەڵام ئەوان ناڵێن جورئەتی ئەوەیان نەکردووە کە شتێکمان بەرامبەر بکەن.

**زنار: بیرۆکەی دەرکردنی رۆژنامەی رێوان چۆن بوو.**

**هانا:** پاش ئەوەی لە یەکێتی ژنان جیابووینەوە، وەکو سەنتەری روناکبیری ژنان بڕیاربوو رۆژنامەیەك دەربکەین، سەرەتا بڕیارماندا پەرە بە ژیانەوە بدەین، ئەوە بوو گوتیان نابێ هەر ژیانەوە دەربکەنەوە، بۆیە ژیانەوە بوو بە هی یەکێتی ژنان، بۆیە بڕیارماندا رۆژنامەیەکی تر بەناوێکی ترەوە دەربکەین، سەرەتا ناوی نوێخواز بوو، بەڵام گوتیان بڵاوکراوەیەکی تر هەیە بەم ناوەوە، پاش راوێژو ئەوانە بڕیارماندا بیکەین بە(رێوان) رێوان بەمانای رێبەری کاروان دێت، یان رێنیشاندەری کاروان، ئەوە بوو بە ستافێکی تازە رۆژنامەی رێوانمان دەرکرد.

**زنار: ئەی رۆژنامەکانی تری ژنان لە کوردستان ئێستا لە چ ئاستێکمدا دەبینی.**

**هانا:** ئێمە پێشتر لە ژیانەوە بووین بەڵام دواتر رێوان یەکەمین رۆژنامە بوو لەسەر ئاستی عێراق کەلەسەر مەسەلەی ژنان کارمان دەکرد، دواتر کۆمەڵێ رۆژنامەی تر پەیدا بوون، هەموو رۆژنامەکانیش لە حاڵەتی هەڵکشان‌و داکشاندان، رۆژنامەکانی تریش وەکو (راسان‌و ژیانەوەو پێگە)و هەموو رۆژنامەکانی تری ژنان کۆمەڵێ بابەتیان تێدا بڵاودەکرێتەوە، کەبەس پەیوەندیان بە مەسەلەی ژنەوە نییە، بەڵام زۆربابەتیشیان جێگای گرنگی‌و بایەخدانن.

**زنار: چی بکرێت بە ئاراستەی کۆتایی هێنان بە رەشەکوژی ژنان.**

**هانا:** پێویستیمان بە جورئەتی رێکخراوەکان هەیە، لەسەروی ئەمانەشەوە کە یاسا هەمووان وەکو یەك ببینێ، ئەمە جگە لەوەی کە دەسەڵات جەریئانە بێتە پای ئەم کێشانەوە کە رووبەرووی ژنان دەبێتەوە.

**زنار: ئەی کێشەی ژنان لەگەڵ قانووندا چییە .**

**هانا:** کێشەی ئێمە لەگەڵ قانووندا ئەوەیە ئەوەی کە دایڕشتووە پیاوە ئەمە یەك، دوو بۆ سەردەمێك داڕێژراوە کە لەگەڵ ئێستادا زۆر جیاوازە، سێ قەزیەی ئێمە لە قانوون بۆ نموونە(بڕیارێکمان هەیە لە ساڵی٢٠٠٠)دەریکردووە و دەڵێ: هەرکەسێك بەتاوانی کوشتن لەسەر نامووس دەستگیر کراوە قاتیلە. بەڵام ئەوە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، کەواتە ئێمە کێشەی پراکتیکیشمان هەیە.

**زنار: دوا وتەت**

**هانا:** من هەمیشە هەوڵ دەدەم لەم بوارەدا بمێنمەوەو بەردەوامیش ئیش لەسەر مەسەلەی ژنان بکەم.

گوزارشت



# دەسەڵاتی چوارەم لەناو هەندەسەی دەسەڵاتەکاندا

**هێرش رەسوڵ دەینووسێت** Herish82@yahoo.com
خوێندکاری ماستەر لە میدیاو رۆژنامەنووسی

(دەسەڵاتی چوارەم)بۆ یەکەمجار لە سەدەی هەژدەدا بەرامبەر بە کایەی میدیاو رۆژنامەنووسی بەکارهات، ئەمەش وەکو زاراوەیەك بۆ دەسەڵاتێکی نارەسمی‌و مەعنەوی‌و وەك تەواوکەری دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری)و چاودێر بەسەر هەرسێکیانەوە.کاتێك میدیا شوناسی (دەسەڵاتی چوارەم)ی هەلگرتوە، لەو سۆنگەیەوەیە کە لە پاڵ ئەرکەکانی (هەواڵ‌و زانیاری گەیاندن، پەروەردەو فێرکردن، تەرفیە، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی‌و...تاد) وەزیفەیەکی گەورەی لە ئەستۆیە ئەویش(چاودێریکردن)ـە. چاودێر بەسەرکایەو بوارو دەزگاو دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی کە کۆمەڵگا بەڕێوەدەبەن، هەر لە دەزگای یاسادانانەوە کە (ئەنجومەنی نوێنەران) دەگرێتەوە تا دەگاتە لایەنی جێبەجێکار (حکومەت)و پاشان دەسەڵاتی دادو ئینجا هەموو دەزگا کۆمەڵایەتی‌و پەروەردەیی‌و ئەکادیمی‌و... یەکانی دیکە. ئەمە بەشێوەیەکی گشتی‌و بە کورتی لەبارەی بوونی ئەو کایەیە بە (دەسەڵاتی چوارەم)، بەڵام پرسیار لێرەوەیە: ئایا راگەیاندن بە بێ سێ دەسەڵاتەکەی دیکەو رۆڵ بینینی راستەقینەیان دەتوانێت ببێتە (دەسەڵاتی چوارەم)؟

به دڵنیاییەوە نەخێر..

چونکە وەکو لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا، دەبێ میدیا ببێتە تەواوکەری دەسەڵاتەکانی دیکە، بەو مانایەی ئێمە کاتێك دەتوانین قسە لەسەر بە دەسەڵاتبوونی میدیا بکەین کە سێ دەسەڵاتەکەی دیکەمان لەسەر رێڕەوی رێکی خۆیان بڕۆن‌و دوربن لە گرفت‌و کەموکوڕی. دەسەڵاتی یاسادانان، بە هەق ببێتە دەسەڵاتی گەل‌و نمایندەی گەل بێت‌و لەگەڵ داخوازی‌و پێویستیەکانی کۆمەڵگا بێت، نەك لە ژوری کۆبونەوە داخراوەکانی حزب‌و حکومەتەوە فەرمان‌و بڕیاری بۆ دەربچێت‌و خۆی تەنها ناوێك بێت‌و بەس. دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بە ئەرکی خۆی هەستێت‌و دەستوەرنەداتە کاروباری دەسەڵاتی یاسادانان‌و دادوەرییەوەو دامودەزگاکانی بە ئاراستەیەکی تەندروستدا بجوڵێنێت. سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییش بپارێزرێ‌و دەستنەخرێتە بڕیارو حوکمەکانی دادگاو ئەهلی یاساوە. کەواتە لێرەدا پێویستە بچینە سەر پرەنسیپی (لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان)کە (مۆنتیسکیۆ) دایناو، پێیوابوو دەبێ هەرسێ دەسەڵاتەکە لەیەکترجیابن‌و یەکتر هاوسەنگ بکەن‌و بەر بە دروستبونی دەسەڵاتی تۆتالیتاری بگرن. لەبەر ئەمە، بە دەسەڵاتبوونی میدیا بەر لەهەر شت بە تەندروستبونی هەندەسەی دەسەڵاتەکان‌و رۆڵ بینینی راستەقینەو تێکەڵاونەبوون‌و یەکتر تەواوکردنی هەریەك لە سێ دەسەڵاتەکەی دی پەیوەستە.

لە واقیعی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان-یش، بە داخەوە کاتێك دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) هەڵگری شوناسی هەقیقی خۆیان نین‌و تا ئێستا نەیانتوانیوە بە ئەرکی تەواوەتی خۆیان هەستن‌و تێکەڵیەکی بەرچاو لە کارەکانیان بە دیدەکری‌و حیزبیەتێکی زۆرو گوتارێکی بەرژەوەندخوازانەو سیستمێکی نا دامەزراوو دەسەڵاتێکی نا سەربەخۆی دادوەری دەبینرێ، بە دڵنیاییەوە راگەیاندنیش (بەم ژمارە زۆرەی کەناڵە جیاوازەکانی بیستن‌و بینین‌و نووسراویشەوە) ناتوانێت ببێتە چاودێرو (دەسەڵاتی چوارەم).

# یاران.. دەبێ هاوڕێیەتی ڕاستەقینە کامەبێت؟!

م.وریا کانی توویی

هەندێك هەن دەپرسن: کامە هاوڕێیەتی راستەقینە؟ چۆن درووست دەبێت؟ ئایا دەتوانین بڵێین هاوڕێیەتی راستەقینە بریتییە لە وازهێنان لە خۆپەرستی؟، یان دەکرێ بڵێین کاکڵەو کرۆکی هاوڕێیەتی هەڵوێست هەبوونە لەبەرامبەر هاوڕێیەکدا؟ هەڵوێستێکی تایبەتی لەکاتێکی تایبەتیدا، ئایا دەبێ چ جیاوازیەك هەبێ لە نێوان ئەو هاوڕێیەتیەی کە لەنێوان ئافرەتاندا هەیە، یان لەگەڵ هاوڕێیەتی نێوان پیاوان؟ئایا هۆکاری لەیەکترازان‌و واز لەیەکترهێنانی هاوڕێی کۆنە گیانی بەگیانەکان چییە؟ کەمتەرخەمی‌و بێ باکییە یان هۆکارەکەی رۆژگارو زەمانەیە، ئەمانەو چەندان پرسیاری دیکەش، لێکۆڵەرەوان‌و توێژەرانی بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان‌و بەتایبەتیش زانستی کۆمەڵناسی چەندان وەڵامی جۆربەجۆرو راڤەی لێکجیاوازی بۆ دەکەن، کە هەندێکیان رازیکەرو هێزوپێزی قایلکەریان تێدایە، هەشیانە قەناعەت بۆ مرۆڤ درووست ناکەن، کە لەوانەیە جیاوازی‌و گۆڕانی حاڵەتەکان، شوێن‌و کاتی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکان، روانگەو دیدو شێوازی توێژینەوەکانن کاریگەری بەرچاو لەسەر ئەم جیاوازیە هەبێت. زانایانی بواری کۆمەڵناسی دەڵێن: هاوڕێی راستەقینە کەسێکە کە بە قوڵی دەتناسێ‌و ناچارنیت خۆت سەغڵەت بکەی بە روونکردنەوەی زیادلەپێویستی قسەو بابەت‌و هەڵوێستەکانت لە بەرامبەریدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو تەواو لە ناوەرۆکی قسەو بیرو بۆچوونەکانت بە ئاگایەو زۆرجاریش هەرخۆی زەمینەو کەش‌و هەوای روونکردنەوەی مەبەستەکانت بۆ دەسازێنێ‌و ئەم ئەرکەت لەکۆڵ دەخات، هاوڕێ راستەقینە چاوێکی رەخنە دۆزەو یەك بەیەکی ناتەواوی‌و کەم‌و کوڕیەکانت دەبینێ‌و دەستنیشانیان دەکات، بەڵام ئەو، قازی‌و دادوەر نییەو سەرزەنشتت ناکاو حوکم‌و بڕیاری توندوتیژت بەسەردا ناسەپێنێ، وەك هەندێك کە سەری زمان‌و بنی زمانیان هەر ئەوە: تۆ هەڵەیت.. تۆ راست نیت.. تۆ خواریت.. کارەکانت هەر ئاوا ناپەسندن.. ئاخر پێم نالێی بۆ واتکرد؟!. ئەمەو چەندان لۆمەو سەرزەنشتی بێکەڵك. لەکاتێکدا هاوڕێی دڵسۆز هەرکاتێك هەستی کرد دڵتەنگی، کێشەیەکت هەیە، بیرلە یارمەتیدانت دەکاتەوەو هەوڵدەدات لەکەم‌و کورتی‌و دڵتەنگی‌و خەمەکانت کەم بکاتەوە. هاوڕێی راستەقینە، وەك ئاوێنەیەکی ساف‌و روون وایە، هەرکاتێك سەیرت کرد، حەقیقەتی راستەقینەی خۆتی تێدادەبینی، خۆتت پیشان دەدات بێ هیچ زیادو کەم‌و کوڕیەك، بێ هیچ درۆو دەلەسەیەك، بێ ئەوەی فێڵت لێبکا، یان روپامایی (مجاملە)و ماستاوت بۆ سارد بکاتەوە. ئەمەیە رای زانایان دەربارەی هاوڕێیەتی. بەڵام ئاخۆ دەبێت خەڵکانی دی لەو بارەوە رایان چ بێت؟ ئافرەتێك لەمەڕ هاوڕێیەتیەوە دەڵێت: " من هاوڕێیەتی راستەقینە لەرووی پیرۆزی‌و گرنگیەوە بە پەیوەندی هاوسەرایەتی دەچوێنم، چونکە هەردوو کرداری (بەخشین‌و وەرگرتنی)تێدایە، سەیریان دەکەی، هەردوو لا بەتەنگ یەکترەوەن، گەر یەکێکیان هاوکاریەك پێشکەش بکات، ئەوا ئەویش لە هاوکاری بێ نیاز نییەو پێویستی پێی هەیە، با بۆ ئەم مەسەلەیە نموونەیەك بهێنمەوە: تۆ بەشداری لە ئاهەنگ‌و زەماوەندی مارەبڕین، یان گواستنەوەی دەزگیرانی هاوڕێکەتدا دەکەیت، یا هەوڵدەدەی تۆوی متمانە لەدڵ‌و دەروونیان بچێنی، هەرگیز سڵ لە یارمەتیدانی ناکەیتەوە، کێشەکانی ئەویش بەهی خۆت دەزانی‌و لە چارەسەرکردنیاندا هەوڵ‌و تەقەلای باش دەخەیتەگەڕ، هاوبەشی خەمەکانی دەکەیت‌و بەرژەوەندیەکانی دەپارێزی، سەیر دەکەی لەبەرامبەردا ئەویش هەمان هەڵوێست‌و بیروڕای هەیەو هەمان کار ئەنجام دەدات. کەواتە لێرەدا دەرکەوت کە تای تەرازووی وەرگرتن‌و بەخشین هاوتاو هاو سەنگە".

ئافرەتێکی دی دەڵێ: من ئەوکاتەی کە لە زانکۆ بووم، لەخەمی دۆزینەوەی هاوڕێدا نەبووم‌و کەسیشم بەهاوڕێی خۆم نەدەزانی، تەنیا وەك رکابەری خوێندن(منافس) سەیری کچە هاوتاو هاو قۆناغ‌و هاوپۆلەکانی خۆمم دەکردو هیچیتر، بەڵام ئێستا هۆگریان بووم‌و بێ ئەوان هەست بە ئاسودەیی‌و خۆشی ناکەم‌و هەمیشە لەیادمدان‌و زۆرم خۆش دەوێن. زۆرجاران کە بەتەنیا بەخۆماندا دەچینەوەو لەبەر خۆمانەوە خۆمان دەدوێنین‌و شریتی یادەوەریەکانی خۆمان دەهێنینەوە یاد، کە لە رۆژانی رابردوودا، کۆمەڵێك هاوڕێمان هەبوون‌و ئێستاش سەبارەت بە ئەوان بێ ئاگاین، نازانین ئێستا ئەوان لەکوێن‌و چیان بەسەر هاتووەو چی دەکەن، سەیرە! لەوانەیە گەر جارێکی دی هاوڕێ هەڵبژێرینەوە، ئەوان وەك هاوڕێ دیاری نەکەین، کە چی لە رابردوودا بێ هیچ دوودڵیەك ئەوکارەمان کردووە، لەوانەیە بۆ ماوەیەکی درووردرێژ پێکەوە بووبین، ئەوان بوونە بەشێکی دانەبڕاوی رابردوو دیرۆکی ژیانی تایبەتیمان، کەچی ئێستا لەوانەیە دووریەکی زۆر لە نێوانمان دا هەبێ، جا بەهۆی سەرقاڵی‌و رۆچوونی هەر یەکێکمان لەکارو بارە تایبەتیەکانی خۆی بێت، بێ ویستی خۆمان یان خۆمان بە ئەنقەست ئەو کارەمان کردووەو لێکدابڕانمان هەڵبژاردووە، یان بەهۆی ئاڵوگۆڕی زەمانەو رۆژگارەوە ناچار بووبین، ئێستاکە چەندان برادەرو هاوڕێی تازەو نوێ هەڵبژێرین‌و پەیوەندیان لەگەڵدا گرێ بدەین، بەڵام راستیەکی حاشاهەڵنەگرو زۆر روون‌و زەق ئەوەیە کە هاوڕێی دڵسۆز کە لەدەستتدا، ئەستەمە قەرەبووکردنەوەی، چونکە هەندێك لەو برادەرانە وەکو گاشە بەردی گەورەی خۆڕاگرو نەجوڵاو لەبەردەم گەردەلوول‌و رەشەبای بەهێز وابوون، لە راستیدا دەستگرتن‌و بە برادەرانەوەو پارێزگاری پەیمانی هاوڕێیەتی.. کارێکە هەوڵ‌و تێکۆشانی چڕو پڕو وریایی‌و سەلیقەو لێزانینێکی باشی دەوێت، کەخۆی لە چەندان هەوڵ‌و کاری جۆراوجۆردا دەبینێتەوە، وەك پەیوەندی گرتنێکی بەردەوام، جا بەهەر هۆیەکی پەیوەندیەوە بێت، بە تەلەفۆن یا هەرشتێکی دیکە دەستگرتن بە هاوڕێ‌و پارێزگاری کردنی ئەم پەیوەندیە، زۆرجار لەسەر حسابی کەسایەتی‌و ئیسراحەت‌و خۆشی خۆتە، لە پێناو دڵنەشکاندن‌و پارێزگاری هاوڕێیەتی ناچار دەبیت، خۆت بێبەش بکەیت‌و برادەرەکەت پێش خۆت بخەی‌و چاو لە زۆر هەق‌و هقوقی خۆت بپۆشی. بەڵێ زۆرکەس لە قسەکردندا لەسەر هاوڕێیەتی، هێرش دەکەنە سەر ئافرەتان‌و دەڵێن " ئافرەتان لە هاوڕێیەتیدا پشو درێژنین‌و ناتوانن تاسەر درێژەی پێ بدەن‌و بێ بەڵێن‌و بێ بارن" کە لەوانەیە ئەمە زۆر لە راستیەوە نزیك نەبێت، یان پەیوەندی بە هەل‌و مەرج‌و بارودۆخی کۆمەڵگەو ژیانی تایبەتی‌و سەرقاڵبوونیەوە هەبێ. بە پێچەوانەشەوە پیاوان ستایش دەکەن‌و بە خاوەن بەڵێن‌و خۆڕاگری‌و هاوڕێی دڵسۆز ناوزەد دەکەن، بەڵام وەنەبێ ئەمە تاقە بۆچوون بێت، بەڵکو بیرو بۆچوونی دیکەش هەیە کە دەڵێت" پیاوان ئامادەیی زۆریان تێدانییە بۆ قوربانیدان لە پێناو هاوڕێیەتیدا، بەتایبەتی کەکار بگاتە ئەو رادەیەی کە پێویست بێت خۆت لە کەدار بکەی لە سەر هاوڕێیەکت‌و قوربانی بە کەسایەتی یان گیانی خۆت بدەی لەو پێناوەدا، کەچی ئەمە زۆرجار ئافرەتان کردوویانە، وەك هەموو ئەو رووداوو کارەساتە دڵتەزێنانەی کە رۆژانە دەیان بیستین، کە ئەم کچ بۆ ئەم کوڕلەسەر ئەو کوڕە خۆی سوتاندوو مرد، یان کەس‌و کارو وڵاتی بەجێ هێشت‌و وەدووی فلاَن کوڕکەوت، کە باجەکەشی لە زۆرترین حاڵەتدا کوشتنە یان هیچ نەبێ بێبەریکردنیەتی لە هەموو ماف‌و ناو زڕان‌و چەندان کارەساتی ناپەسندو ناقۆڵای بەدوادا هاتووەن کەمن وادەزانم سەلماندنی ئەم رایە پێویستی زۆر بە بەڵگە هێنانەوە ناکات‌و لەوە روون‌و ئاشکراترە کە سەغلەت بین لە پێناو سەلماندنی. بەڵام لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە هاوڕێیەتی ئەو پەیوەندییە گرنگ‌و پیرۆزەیە، کە ناتوانین بێ ئەو هەڵبکەین‌و ژیانمان درێژە پێبدەین، بۆیە گرنگە کە ئاگامان لە ئەرکی سەرشانمان بێت بەرامبەر بە هاوڕێ‌و برادەرەکانمان پێویستە دڵیان رابگرین‌و بیان پارێزین‌و نەیاندۆڕێنین‌و لەدەستیان نەدەین، هەرچەندە کە ئەمە باجەکەشی زۆر بکەوێت لەسەرمان، هەریەکێ لە ئێمە لەبەرامبەر هاوڕێکەیدا کەمێك لەخۆپەرستی خۆی دابەزێ‌و کەمێك گوێ بۆ ویژدان‌و زەمیری زیندووی نێو ناخمان شل بکەین.

# ڕاگەیاندنی هاوچەرخو ڕۆڵە جوانو دزێوەکانی

نووسینی: ناجي نهر
وەرگێرانی: ئیسماعیل راجی

ڕاگەیاندن :- بریتیە لە گەیاندن یان وەرگرتنی زانیاری، ڕاستیەکی بابەتیی و هەمەگیرو هەمەجۆری- نیشتمانیی و جیهانی -یە، دیاردەیەکی روونی بەرچاوەو ڕۆژانە هەستی پێدەکەینو تروکە بە تروکە پێی کاریگەر دەبین. هەموو کەسێك، هەر لە مرۆڤێکی سادەو ئاساییەوە هەتا بیرمەندێکی مەزن پێیدەزانیو، هەمووانیش لەبەرو بەرهەمی شیرینو تاڵی پاشەوارەکانی سوومەندو زیانمەند دەبن، لەم رووەشەوە ڕاگەیاندن لە ( بەجیهانیبوونی هاوچەرخی ئەمریکا) دەچێ.

ئەمڕۆ ڕاگەیاندن وا پۆلێن دەکرێ، کە زانستی زانستەکانەو پوختەکانیانە، بەڵام ئەوەندەی فرەیی ئەو زانستانەی کە ڕاگەیاندن وێنەنوێنیان دەکات، وەك زانستو هونەرو هەموو زانستو زانیاریەکانی ژیانی ئایدیۆلۆژیو فەلسەفیو شارستانێتیە -مایەکیو مینۆکیەکان-و، سەرباری ئەمانەش ئەزموونەکانی گەلان لەمیانی مێژووی گەشەکردنیانداو هەموو خولیاو ئاواتە بەرهەمدارو پیرۆزەکانی مرۆڤو، مەیلو خولیا شەڕەنگێزو وێرانکارەکانی، بارتەقای ئەمانەش ڕاگەیاندن فرە وێنەو وێناکردنو فرە ئامانج دەبێت. ئەو زانیاریەی کە ڕاگەیاندن مامەڵەی لە تەکدا دەکات هەرجۆرێك بێت، ئەوا پێشوازی لێدەکرێ - وەردەگیرێ-و لە ڕێگەی ئامێرە هەمەجۆرەکانی گەیاندنەوە دابەشدەکرێو بڵاودەکرێتەوە، هەر بۆیەشە ناتوانرێ بەشێوەیەکی دیاریکراوو تەنها لەلایەنێك لەلایەنەکانی ژیانەوە پێناسەی زاراوەی ڕاگەیاندنو ڕەهەندەکانی بکرێت، ئەگەرچی ئەو لایەنەش بایەخێکی زۆری هەبێت لە رووی زانستی، یان بەرژەوەندی، یان ئەو هۆیە پەیوەندیەی کە زانیاریەکەی وەرگرتووەو گواستوویەتیەوە، چونکە هەر زانستێك ئامێرو شێوازی ناردنو گەیاندنی گونجاوی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە ڕێگەی چیەتی( ماهیەتی) نێرەرو وەرگرو ئەو ئامانجانەی لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا دێنەگۆڕێ، دیاریدەکرێن.. نەخاسمە ئەگەر نێرەرو وەرگر تاکەکانی کۆمەڵگە، یان دامەزراوە، یان دەوڵەت بێت، ئەوا پرۆسەکە بەتەواوەتی کاریگەری پێکەوە بەستراوو پێکداچووو هەمەلایەنی دەبێت.

مێژووی ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گریکەکانو شارستانێتیە دێرینەکان، کە ئەو کات وەکو زانستێك لە زانستە گشتیە مرۆڤایەتیەکانی وەك: هونەرو ئەدەبو فەلسەفەو مێژوو لێی تێدەگەیشتراو لێی دەکۆڵرایەوە. دوای لێکۆڵینەوەش لێی، گەشەی کردو وای لێهات کە جگە لەو زانستانەی لەسەرەوە باسمان کردن، زانستەکانی بیرکاری، فەلەکناسی، لاهوتی، دەروونزانی، زمانەوانی، کۆمەڵناسی، ڕەفتاری مرۆڤو شارستانێتی گشتیو، زانستەکانی سیاسەتو ئابووریو تەکنەلۆژیو جیۆلۆجیو ناسینی چینەکانی زەویو گەنجینەو کانزا و سامانەکانی ناو ئەو چینانەو، بوونەوەرە زیندووە رووەکیو گیانداریو رووبارو دەریاو کرەکەکانی (جماد) سەر ڕووی زەویو، هەرچیەك پەیوەندی بەو شتانەوە هەیە کە لەسەر هەسارەکەمان هەن بگرێتەوەو، زانیاری سەبارەت بە پێکهاتەو تایبەتمەندیە سایکۆلۆژیو ڕەفتاریەکانیان پێشکەش بکاتو زیانو سوودەکانیشیان دیاری بکات. ڕاگەیاندن هەر بەوەشەوە نەوەستا، هەتاکو زانیاری مرۆڤ زانستەکانی هەسارەی زەوی تێپەڕاندو سەرجەم گەردوونو ئەو یاسا فیزیکیو فەلەکیو بزاوتە مایەکیانەشی بە هەموو پێکداچوونو کاریگەریو تایبەتمەندیە هەمەجۆرەکانیان گرتەوە کە کۆنترۆڵی گەردوون دەکەن. بە فراوانبوونی ئاسۆی زانینو زانیاری مرۆڤ، چەمکی ڕاگەیاندنیش فراوان بوو ئەرکو ئامانجو مەبەستەکانیش فراوانو فرە بوونو، لەگەڵ هۆیەکانو بەرنامەو تەکنیکو



پسپۆڕیەکانی زانستی پەیوەندیەکانو گەیاندندا بەناویەکداچوونو بوون بەیەك جەستەو هەریەکەیان ئەوی دیکەی تەواو کرد. ئەمەش کاریگەریەکی یەکلاکەرەوەی هەبوو لەسەر برەوسەندنی خێرای ژیانو زانستە جیاوازەکانی، بەزانستی پەیوەندیو گەیاندنیشەوە، کە بۆتە مایەی

بڵاوبوونەوەی خێرای زانیاریەکان‌و پەرەسەندنی هۆیەکانی گواستنەوەو پێشوازی لێکردن‌و وەرگرتنیان بەشێوەیەکی وەها کە مایەی سەرسوڕمانە. تا چەمکی ڕاگەیاندن‌و گەیاندن وایان لێهات کە ببنە دەربڕین‌و گوزارشکردنی زانستیانەو وەرگێڕانێکی بە کردەوەی پێکبەستنەوەی زانستەکان بە یەکتریەوە، لە سەروو هەمووشیانەوە زانستی کۆمەڵناسی کە پەیوەندیەکی توندو تۆڵی هەیە لەگەڵ هەردوو زانستی سیاسەت‌و ئابووریدا، لەم نێوەشدا -زمان- بە هەردوو بەشەکانی بێژەکی‌و نابێژەکی(اللفظي وغير اللفظي)و هاوتا هەمەچەشنەکانیانەوە، وەکو هۆکارو ئامرازێکی -بنەڕەتی- و توانایەکی یەکلاکەرەوەو لێهاتوو لە گوزارشکردن‌و دەربڕینی زانیاری‌و گواستنەوەیدا بە شێوەیکی ئامانجدارو پێویست، وەدەرکەوت.

لەمیانی ڕێکردنی مێژووشدا، زانیاری‌و هۆیە جیاوازەکانی گواستنەوەی، بوونە ئامرازی پەرەسەندن‌و گەشەپێدان بۆ مرۆڤ، کە هەرگیز ناتوانێ دەستبەرداریان ببێت، ئەم گەشەکردنەش لە خاڵ‌و پنتێکی دیاریکراودا ناوەستێ، بەڵکو ڕەوتە زانستیەکەی وەکو ئیسپرینگێکی جەمسەرئازادو جووڵەسەرمەدی هەر بەردەوام دەبێت، بەپێچەوانەی تێزو تێڕوانینی بیرمەندانی سەرمایەداری کە پێیان وابوو ئەم بزاوت‌و جووڵەیە بە پێی سیستمی پەرەسەندنێکی بازنەیی داخراوو دیاریکراو ڕێدەکاو، ئەگەری وەستانی لە کاتێکی دواتردا هەیە!!. بەدواداچوانی کاروانی مرۆڤ‌و پەرەسەندنی چالاکیەکانی، تێبینی ئەوە دەکەن کە بزاوت‌و ڕەوتی پەرەسەندن، کاریگەری دوو لایەنەی هەبووە لەسەر کارەکانی مرۆڤ و تواناکانی لەسەر پەرەپێدانی ئامرازەکانی کارکردنی‌و، پەرەپێدانی ئەو ئامرازانەش کاریگەری لەسەر ئاستی هوشیاری دواتری مرۆڤ داناوەو بۆ ئاست‌و ڕێکارێکی بالاتر بەرزی کردۆتەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەم کاریگەری‌و کارتێکردنە دوو لاییەش، چالاکیە زانستیەکانی مرۆڤ گەشەیان کردووەو ئامرازە دەستییە سادەو ساکارەکانیش کە بەرهەمی هزرێکی هاوڕێك‌و سادە بوون، بۆ ئامێرو ئامرازی ئەلیکترۆنی ئەوپەڕی بەرهەمدارو خێراو گەشەکردوو وەرچەرخاون، کە بەرهەمی ئەقڵێکی پێگەیشتووو هوشیاریەکی سازاوو گونجاو بوون لەگەڵ ئامانجی ئەو گەشەکردنانەی کە ڕەنگیان لەسەر پەرەسەندنی هۆیەکانی گواستنەوەی زانیاریە - بینراوو خوێندراوو بیستراوەکان- داوەتەوە. بەهۆی هەردوو شۆڕشی گشتگیری گەیاندن‌و زانیاری و زیادبوونی تۆڕەکانی پەخش‌و هەواڵە نێودەوڵەتیەکان‌و فرەیی کەناڵە ئاسمانیە ناوخۆیی‌و جیهانیەکان‌و زۆربوونی مانگە دەستکردەکان‌و تۆڕەکانی ئینتەرنێت‌و سێڵە ئاسمانیە وەرگرەکان‌و هەمەچەشنی ئامێرەکانی فاکس‌و پۆستی ئەلیکترۆنی‌و ڕۆژنامەکان‌و پەخشە نێودەوڵەتیەکان کە لەگەڵ جەماوەری - فرە ڕەگەز- بە زمان‌و مەعریفەی هەمەجۆرو بەشێوەیەکی بەجیهانیکراو دەئاخڤن، زانیاری‌و هۆیەکانی گواستنەوەی، پایەو پێگەیەکی بەهێزو گرنگیان لەو بوارە جیاوازانەدا بەدەستهێناوە کە جێ بایەخی پێداویستیەکانی خەڵکن. ئەمە وێڕای ئەوەی کە سەرمایەداری جیهانی بەشی شێری بەردەکەوێ‌و لە زۆربەی کاتەکاندا ئەو سامانە بۆ کارو خزمەتە مۆنۆپۆڵیەکانی‌و بەرژەوەندیە زۆرو زەوەندە دابەشبووەکانی لەسەر گۆی زەوی‌و ئاسمانەکانی گەردوون، دەستەمۆ دەکات !!، ئەم مۆنۆپۆڵکردنەی ڕاگەیاندنیش کاریگەری خستۆتە سەر هەردوو بزاڤی گەیاندن‌و ڕاگەیاندنە ناوخۆییەکان- کە لە ڕووی گەشەکردنەوە لاوازن- بەتایبەتی لە وڵاتە بچووکەکان‌و وڵاتانی جیهانی سێیەمدا. بەڵام ئەوەی کە لە پەرەسەندنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن‌و گەیاندندا مایەی دڵخۆشیە، هەرچەندە لەسەر حسێبی وڵاتە هەژارەکانە، ئەوەیە کە بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری خەڵکی خێراتر کردووەو گەیاندوویەتیە ئاستی ئەو پەرەسەندن‌و گەشەکردنەی کە لە پێشکەوتنی زانیاری‌و هۆیەکانی گواستنەوەو بەردەوامبوونی گەشەسەندنی زانستی گەیاندن‌و زانستەکانی دیکەدا هاتۆتە بەرهەم، بێگومان ئەمەش ڕایەڵەکانی مەعریفەو یەکترناسینی خەڵك‌و ئاشنابوونی شارستانێتیەکانیان‌و چۆنیەتی بەدەستهێنانی مافەکانیان‌و پتەوکردنی هاوکاری نێوانیان بەهێزتر دەکات، وەك ئەوەی هەموویان لە گوندێکی بچووکی گەردوونیی- زۆر پێشکەوتوو-دا بژین. ئەم گەشەکردن‌و پێشکەوتنە بە هەژموونەش بە ئاسانی دەتوانێ ڕەگ‌و ڕیشاڵی هزرە تاریکپەرست‌و پڕوپووچە سەلەفی‌و میراتیەکان لە کەللەی خاوەنەکانیان دەربکێشێ کە زیان بە ڕەوت‌و ڕێکردنی کاروانی مرۆڤایەتی دەدەن‌و، گوڕی ئەندێشەو توانای داهێنانەکانیشی لەکار دەخەن.

لە گەشەکردنی هاوچەرخانەی شارستانێتیدا، کە ئەمڕۆ دەیبینین پێش کات دەکەوێ، ناشێ پەیوەندی زانستی ڕاگەیاندن‌و گەیاندن لەگەڵ زانستی کۆمەڵناسی، یان لەگەڵ زانستە پرۆفیشناڵەکانی دیکە لە یەکتری جیا بکەینەوە - مرۆڤی هاوچەرخ- ئاشکرای کردووە کە هەموو زانستەکان لە چاڤگێکەوە سەرچاوە دەگرن ئەویش چاڤگی -ئەقڵ-ە، کە چێکەری هەموو- ئەو شتانەیە بەچاو دەبینرێن- هەر لە ئامێرو ئامرازو هۆیە هەمەچەشنەکانی پێشکەوتنەوە بگرە هەتا دەگاتە سەرجەم پێداویستیەکانی دیکە. لەو مرۆڤە هاوچەرخەش -دەخوازرێ- کە پارێزگاری لەم دەستکەوتەو لەم کەلتوورە پڕ بەهایە بکات‌و بەردەوام بایەخ بە پەرەسەندن‌و خزمەتکردنی بداتو، پارێزگاری لە جێگیرکردن‌و گەشەسەندنی مافە تاکەتی‌و مرۆییەکانی‌و گەشەکردنی تواناو داهێنانەکانی بکات لە بوارە تایبەتمەندە جیاوازەکانی ژیانیدا، هەروەها لێی دەخوازرێ کە فێری زانیاری ببێ‌و -بە پێی توانا- گرنگی پێبدات، جا ئەو زانیاریە چ تایبەت بێ بە :- دەروونزانی، یان کۆمەڵناسی، یان ئەنترۆپۆلۆژیا، یان تیۆرەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی‌و پلاندان‌و زانستی گەشەپێدان‌و پەرەسەندن‌و ڕێکخستنی کۆمەڵگاکان‌و بەڕێوەبردنی کارەکان، یان تایبەت بێ بە زانستەکانی دیکەوە. دەشێ ڕوونترین‌و سادەترین‌و گشتگرترین پێناسەی ڕاگەیاندن بریتیێ لە:- هونەری گەڕان بەدوای بەدەستهێنانی ڕاستیەکان‌و زانستەکان-و، مامەڵەکردنێکی داهێنەرانە لەگەڵیانداو، وەشاندن‌و بڵاوکردنەوەیان لەکاتێکی گونجاوو، لەناو فراوانترین جوغزی جەماوەریدا، ئەویش لە ڕێگەو لەمیانی هۆیە پێشکەوتووەکانی ڕاگەیاندندا. کەس‌و کارمەندی بەشی ڕاگەیاندنیش: ئەو کەسەیە کە بتوانێ- کاکڵەی زانیاری- هەڵبژێرێ‌و لەکات‌و شوێنی دیاریکراودا، بە پەرۆشەوە بیگەیەنێتە زۆرترینی تینوو و تامەزرۆییان بۆی‌و، توانادار بێ لەسەر هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەی بابەتیی کاریگەرو، بەرگێکی جوان‌و ڕازاوەو سازاوی وەهاشیان وەبەردا بکات کە لەگەڵ گەوهەری ڕووداو، یان زانیارییەکەدا ڕێك‌و جوان‌و گونجاو بێ، دیارە ئەمەش لەدوای دەست نیشانکردن‌و لێکۆڵینەوەیەکی پێشوەختی چڕو پڕەوە دەبێت. کارمەندی هاوسەنگ‌و دەستپاکی ڕاگەیاندن، ئەو کەسەیە کە پارێزگاری لە پیرۆزیی پیشەکەی بکات‌و هیچ جۆرە ناپاکیەك نەنوێنێ‌و، لە گەیاندنی نامەو پەیامەکەیدا سەرکەوتوو بێ‌و، -سەرەتاو پێش هەموو شتێکیش- ویژدانی پشتگوێ نەخاو نەیفرۆشێ‌و، بواری ئەوە نەدات بە سانایی ڕاکێشرێتە ناو کایەی قسەو قسەلۆکە بێ واتاو پڕوپووچە لاوەکیەکان‌و ئەو دەمارگیریە خێڵەکی‌و نەتەوەیی‌و دەستەگەری‌و ڕەگەزیانەوە، کە دەبنە مایەی لە دەستدانی ئامانج‌و، لەکەدارکردنی پیرۆزی‌و ڕەسەنایەتی پیشەکەی.

سەرچاوە: لە ئینتەرنێتەوە